بنکەی توێژینەوە • 25

خوو پێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان

فائیز ئیبراهیم محەممەد

خوو پێوەگرتن بە مادده هۆشبەرەکان

هۆکارەکان و ئاسەوارەکانی

لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و مەیدانییە لە سەر خووگرە بەندکراوەکان لە هەولێر

فائیز ئیبراهیم محەممەد

هەولێر 2007

ناوی کتێب: خۆم پێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان

نووسینی: فائیز ئیبراهیم محەممەد

نەخشەسازی ناوەوە: هەردی

- بەرگ: ئاسۆ مامزادە

- ژمارەی سپاردن: (1374)

تیراژ: (750) دانە

چاپی یەکەم 2007

نرخ: (1000) دینار

- چاپخانە: چاپخانەی خانی

زنجیرەی کتێب (25)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

www.mukiryani.com

asokareem @ maktoob.com

Tel: 2260311

بســـم الله الرحمــن الرحيــم

((ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكة و أحسنوا))

((خوّتان به دەستی خوّتان مەخەنە نەهامەتی و کاری

باش بکەن)) (البقرة/195)

پێرست

پێرست 5
پێشەکی 7
دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری 11
بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوە 13
1- کێشەی لێکۆڵینەوە 13
2- گرنگی لێکۆڵینەوە 14
3- ئامانجی لێکۆڵینەوە 16
بەشی دووەم: دەست نیشانکردنی چەمکەکان 21
1- چەمکی مادده هۆشبەرەکان 21
2- چەمکی خووپێوەگرتن 26
3- چەمکی خووگر 30
بەشی سێیەم: هۆکارەکانی خووپێوەگرتن بە مادده هۆشبەرەکان 35
أ- هۆکارە خودییەکان 35
1- هۆکارە جەستەیی و بایۆلۆژییەکان 35
2- هۆکارە دەروونییەکان 37
ب- هۆکارە بابەتییەکان 38
1- هۆکاری خێزانی 39
2- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان 40
3- هۆکارە ئابوورییەکان 41
4- هۆکارە سیاسییەکان 42
5- هۆکارە جوغرافییەکان 44
6- هۆکارە یاساییەکان 44
بەشی چوارەم: ئاسەواری خووپێوەگرتن 48
1- ئاسەواری جەستەیی 49

2- ئاسەواری دەروونی 51
3- ئاسەواری خێزانی 52
4- ئاسەواری کۆمەڵایەتی 53
5- ئاسەواری ئابووری 55
دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی 57
بەشی پێنجەم: ئیجرائاتی میتۆدی لێکۆڵینەوە 59
1- میتۆدی لێکۆڵینەوە 59
2- کۆمەڵگا و نموونەی لێکۆڵینەوە 60
3- بوارەکانی لێکۆڵینەوە 60
4- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان 60
1- تێبینیکردن (Observation) 61
2- چاوپێکەوتن: (Interview) 62
بەشی شەشەم: خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکان 63
1- خستنەرووی زانیارییەکان 65
2- دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان 72
1- دەرئەنجامەکان 72
2- پێشنیارەکان (چارەسەری) 76
سەرچاوەکان 81
یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان 81
دووەم: سەرچاوە فارسییەکان 82
سێیەم: مقالاتی ئینتەرنێتی 84
پاشکۆ 85

پێشەکی

لە سەردەمێکدا دەژین کە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان لە دوو رەوتی تاوانبار - بە فورمی رێکخراو و نارێکخراو - وەکو دوو هۆکاری بەهێزی تێکدەری بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان بە هەموو بەشەکانەوە دەناڵێنن کە پێم وایە هەردووکیان بە هۆی هەبوونی یەك مەبەست و یەك ئاراستەی ئێگەتیڤی هاوبەش، دوو گیانن لە یەك جەستەدا، کە بریتین لە: ((رەوتی تیرۆریزم)) و ((رەوتی مادده هۆشبەرەکان)).

کێشەی مادده هۆشبەرەکان ـ وەکو کێشەی تیرۆریزم، نە بەڵکو زیاتر لەوە ـ یەکێك لە گرنگترین کێشە و دیاردەکانە، کە سەرنجی زۆر لە زانایان و توێژەران و دەستە نێوخۆییەکان و جیهانی راکێشاوە و بۆتە بابەتێکی سەرەکی و گرنگ لە توێژینەوەکانی کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگیدا.

ئەوەی کە ئێمەی هاندا بۆ توێژینەوەی ئەو کێشەیە، دوو پاڵنەری سەرەکی بوون:

1- هەستی نەتەوایەتی: لە دوای رزگاربوونی هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە ئەنجامی خەباتێکی دوورودرێژی گەلەکەمان دژی رژێمی بەعس و دوژمنانی ترمان، پێدەچێت کۆمەڵگای کوردەواریمان، تا رادەیەك بەرەو سەقامگیری و هێمنی بچێت، ئەگەرچی کوردستان لە ژێر گوشاری دوژمنان ـ تارادەیەك ئەویش لە رووی سەربازییەوە ـ رزگار بووە، بەڵام هێشتا ئاسەواری ناڵەباری سەردەمی فەرمانڕەواییان ماوەتەوە، وەکو: هەژاری، نەزانین، خورافات، نەخۆشیە جۆراو جۆرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. کە ئەمانە میراتی هەمیشەیی هەموو رژێمێکی دیکتاتۆری و ستەمکار بووە و دەبێت.

جگە لە کێشەی تیرۆر کە لە دوای رزگار بوونی کوردستان زۆر پەرەی سەندووە ـ و توێژینەوەی زۆریش لەسەری کراوە ـ تووشی کێشەی مادده هۆشبەرەکانیش بوە

و ماوەیەکە کە گوێ بیستی گرتنی هەندێ لە خووگرەکان و قاچاغچییانی ماددە هۆشبەرەکان دەبین، کە خەریکە وەکو دیاردەیەك لە نێو گەنجەکانی گەلەکەمان بڵاو دەبێتەوە، کە ئەوەش رەنگە پیلانێکی تری دوژمنان بێت!

بۆیە هەستی نەتەوایەتی ناهێڵێ کە بەرامبەر بەو دیاردەیە پڕ مەترسییانە بێ دەنگ بین و ئەم جارە دەبێ لە پێناو گەڕاندنەوەی بونیادی کۆمەڵگا و پاك کردنەوەی لە هەموو کێشەی توند و درێژخایەن و موزمن کە دەبنە کۆسپ و تێکدەر لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتن و بەختەوەری نەتەوەکەمان خەبات بکەین.

2- هەست بە بۆشایی و نەبوونی دیراساتی پێویست، سەبارەت بەو کێشەیە کە پشت ببەستێت بە میتۆدی زانستی و ئاکادیمی کە ئەم دیراساتە دەبنە هۆی تێگەیشتنی زانستییانە و راڤەیەکی دروست و گونجاو لە هەموو لایەنەکانی ئەو کێشەیە لە ژێر رۆشنایی واقیع و ژینگەی کوردستان.

بەم پێیە ئەم باسەمان هەڵبژارد و هەوڵمان ئەوەیە کە تیشك بخەینە سەر ئەم دیاردەیە نامۆیە وەکو دیاردەیەکی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کە ئاسەواری نێگەتیڤی جۆراوجۆری هەیە، هەم لەسەر تاك و هەمیش لەسەر کۆمەڵگا و سیستەمەکانی.

ئەم لێکۆڵینەوە لە دوو لایەنی ((تیوری)) و ((مەیدانی)) پێك دێت کە هەریەك لەوانە چەند بەشێك دەگرێتەخۆی، بەم شێوەی خوراوە:

لایەنی تیوری: لە چوار بەش پێك دێت:

یەکەم بەش باس لە چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوە دەکات کە پێك دێت لە: ((کێشەی لێکۆڵینەوە))، ((ئامانجی لێکۆڵینەوە)) و ((گرنگی لێکۆڵینەوە)).

بەشی دووەم بریتیە لە پێناسەی چەمکەکان کە هەوڵمان داوە پێناسەی سێ چەمکی سەرەکی ((ماددە هۆشبەرەکان))، ((خووپێوەگرتن)) و ((خووگر)) لە روانگەی جۆراوجۆرەوە بکەین.

بەشی سێیەم بریتیە لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکان خووپێوەگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، کە چەندین هۆکاری پێکەوە بەستراو دەگرێتەوە.

بەشی چوارەم بریتیە لە ئاسەواری خووپێوەگرتن کە باس لە کۆمەڵێك ئاسەواری نێگەتیڤی مادده هۆشبەرەکان دەکات هەم لە سەر تاکی بەکار هێنەر، هەمیش لە سەر کۆمەڵگا بە گشتی.

لایەنی مەیدانی، لە دوو بەش پێکهاتووە کە بریتین لە:

بەشی پێنجەم کە باس لە رێوشوێنی میتۆدی لێکۆڵینەوە دەکات کە جۆری میتۆدی بەکار هێنراو و کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان و بوارەکانی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە.

بەشی شەشەم بریتیە لە خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکان، کە هەر لەم بەشەدا دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان و چارەسەرییەکان باس کراون.

ئومێدمان وایە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بێت بۆ هەندێ هەوڵەکانی تر و دیراساتی بەرفراوانتر.

ڤانیز ئیبراهیم محەممەد

دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری

بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوە

1. کێشەی لێکۆڵینەوە
2. ئامانجی لێکۆڵینەوە
3. گرنگی لێکۆڵینەوە

بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوە

1- کێشەی لێکۆڵینەوە

کێشەی ماددە هۆشبەرەکان، تەنها کێشەی ئەو تاکەی کە بە کاری دەهێنێ نییە، بەڵکو کێشەیەکی چەند لایەنەیە کە پەیوەندی بە ((تاک)) و ((کۆمەڵگا))وە هەیە.

پێش هەموو شتێك، کێشەیەکی ((تەندروستی))یە کە پەیوەندی بە لایەنی ((سایکۆسۆماتیکی)) هەیە، واتە: کاری نێگەتیڤی دەکاتە سەر هەر دوو لایەنی جەستەیی و دەروونی تاکی بەکارهێنەر کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کار دەکاتە سەر خێزان و کۆمەڵگاش بە گشتی.

هەروەها کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیشە و کار دەکاتە سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان و جۆرەها کێشە و گرفتی تر لێدەکەوێتەوە، وەکو: تێکچوونی خێزان، تەڵاق، هەژاری، بێکاری، دزی، خۆکوژی، کوشتنی ژن و منداڵ، قاچاغکردن و تووشی بەندیخانە بوون و...

کێشەی ئابووری، بەشێکی تری کێشەی ماددە هۆشبەرەکانە کە هەم بۆ تاك و هەمیش بۆ کۆمەڵگا گرنگییەکی زۆر هەیە.

هەروەها ئەوە کێشەی دەوڵەت و کۆمەڵگاشە.. چونکە کۆمەڵگا ناچارە لە جیاتی سەرمایەگوزاری بۆ جۆرەها پرۆژە و پلانی گرنگ و پەرەپێدان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی و... هتد (وەکو: فێرکردن، تەندروستی، خزمەتگوزاری، پیشەسازی، بازرگانی، توریزم و...)، لەسەر نەهێشتن و بەرەنگاربوونەوە وگرتن و دادگایی کردن و بەندکردن و

چاکسازی و چارەسەرییان خەرج بکات. ئەوەش بە راستی زیانێکی نەتەوەییە کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاری نێگەتیڤی دەکاتە سەر پرۆسەی پێشکەوتن و ئاستی داهاتی نەتەوەیی و ئاستی خۆشگوزەرانی و بژێوی تاکەکان!

مادده هۆشبەرەکان کێشەیەکی قانونیشە، چونکە قانونی زۆربەی وڵاتان وەکو تاوانێکی گەورە دژ بە کۆمەڵگاوە دەزانن، هەم ئەوانەی کە بەکاری دەهێنن، هەم بازرگانان و هەمیش بەرهەم هێنەرانی ئەم مەوادە. بۆیە تووشی بەرەنگاری و روبەروبوونەوەی یاسا و سزای توندی کۆمەڵگا دەبن. تەنانەت لە هەندێك وڵاتدا لە سێدارەدان و زیندانی ئەبەدیان بۆ داناوە.

کەواتە مادده هۆشبەرەکان تەنها کێشەیەکی تاکی نییە، بەڵکو چەندین لایەنی هەیە کە هەموو پێکەوە گرێدراون و هەر یەك لەو لایەنانە مەترسی لەسەر ژیانی تاك (واتە لە سەر ورە و چوونیەتی خوگونجاندنی لەگەڵ دۆخی خۆی و خێزان و کۆمەڵگاکەی) و هەمیش لەسەر ژیانی کۆمەڵگا و دەوڵەت و پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات هەیە. بۆیە دەبێ تێروانینمان سەبارەت بەم کێشەیە، تێروانینێکی گشتگیر بێت، هەموو هۆکارەکان رەچاو بکەین، گرنگی بە هەموو لایەنەکانی ئەم کێشەیە بدەین، چونکە ئەم دیاردەیە زۆر مەترسیدارە، بە تایبەتی ئەگەر درێژە بکێشێ و چارەسەر نەکرێ. لەو کاتەدا زۆر زەحمەتە کونترۆڵی دۆخەکە بکرێ.. بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد بۆ لێکۆڵینەوەکەمان و پێمان وایە ئەم دیاردەیە پێویستی زیاتر هەیە بە گرنگیدان و دیراسەکردنی.

2- گرنگی لێکۆڵینەوە

ئەگەرچی مادده هۆشبەرەکان و کێشەکانی شتێکی تازە نیسە، بەڵام لەو سەردەمەدا بوتە کێشەیەکی مەترسیدار و زۆر ئاڵۆز کە زۆربەی وڵاتانی دونیای گرتۆتەوە.

لە روانگەی کۆمەڵگای نێودەولەتی، مادده هۆشبەرەکان و قاچاغکردنی مادده هۆشبەرەکان لە تەنیشت سێ قەیرانی تری جیهانی سەیر دەکرێ: ((قەیرانی ئەتۆمی))، ((قەیرانی دانیشتووان)) و ((قەیرانی ژینگە)) (کە من ((قەیرانی تیرۆریزم))یش زیاد دەکەم) کە هەرەشەنە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە. لە لایەکی ترەوە سەرمایە و داهاتی مادده هۆشبەرەکان (1500 ملیارد دولار لە ساڵدا) لە روانگەی بازرگانییەوە لە دوای ((نەوت)) و ((گەشتیاری)) و ((چەك)) دێت[1].

هەلکەوتەی ستراتیژی کوردستان و دراوسێبوونی لەگەڵ ((ئێران)) کە گرنگترین وڵاتی ترانزیتی مادده هۆشبەرەکانە کە لە رێگایەوە مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان و پاکستان دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپی، مەترسی ئەم کێشەیە دوو ئەوەندە دەکات! چونکە بووەتە هۆی قاچاغی مادده هۆشبەرەکان لە ئێران و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ فرۆشتن و خەرجکردن هەم لە ناو ئێران و هەمیش لە دەرەوەی ئێران.

دیارە یەکێك لەو بازاڕانە کەوتۆتە ئەو دیوی سنور کە کوردستانی رۆژهەڵاتە، بە هۆی زۆری قاچاغچی، مەوادی هۆشبەر دەگوازرێتەوە بۆ فرۆشتن و سەرفکردن و بەکارهێنانی گەنجەکانی گەلەکەمان.

بە پێی ئاماری ((ئاسایشی گشتی هەولێر)) نزیکەی (700) خووگر لە ناو کوردستان مەزەندە دەکرێ و مەوادێکی زۆر وەکو: تریاك و هەروێن و حەشیش لەوانە گیراوە[2].

((خووپێوەگرتن)) وەکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئابووری، فەرهەنگی، کار دەکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و هەموو دەستکەوتەکانی

1. هاشمی (د. علی): مواد مخدر: بحران اجتماعی و تهدید علیه امنیت ملی ـ ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1382، ل 9.

2. لە کاتی سەردان و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایشی گشتی هەولێر. لە رێکەوتی 10/ 4/ 2006.

گەلەکەمان. ئامارەکان نیشاندەدەن کە ژمارەی خووگرەکان لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیاد بوونن. ئەو بابەتەش کە ((گەنجەکان)) زیاتر لە مەترسی تووش بوونی ئەم نەخۆشییەدان، ئەرکی هەموومان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە بەهێزتر دەکات!

گرنگی باسەکەمان لەوەدایە نیشانی دەدات کە ئەرکی تاك، خێزان، دایکان و باوکان، دەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە، ڕاگەیاندن... تا دەگاتە دەوڵەت، ئایا هەموو ئەو دەزگایانە بەرپرسیاریان لە بەرامبەر ئەم کێشەیە چییە؟.. ئایا ئەم کێشەیە بە گرتن و سزادان و غەرامەکردنی چەند کەسانێك کە ئەم کارە دەکەن، چارەسەر دەبێت؟ یاخود پێویستی بە ویست و عەزمێکی تاك تاکی ئێمە هەیە، لە هەر پۆست و لە هەر شوێنێك دا بین؟

ئەگەر بە شێوەیەکی زانستیانە پێشگیری لەو کێشە و دیاردەیە نەگیرێ، لە ئایندەیەکی دوور یان نزیك شایەدی زۆر لە کێشەکانی تر - یەك لە دوای یەك - دەبین کە بە ڕاستی دەبنە کۆسپ و ئاستەنگی گەورە لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردن لە هەموو بوارێك دا!

3- ئامانجی لێکۆڵینەوە

1. ئامانجی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەمان، هەوڵ دانە بۆ زانینی دۆخی ئەم کێشەیە و ڕەگ و ریشە و مەودای بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵگەکەماندا.. ئەم دیاردەیە لە کوێ هاتووە و زیاتر لە کوێ بڵاو بوەتەوە و لەنێوان چ توێژ و چینێکی کۆمەڵگەدا زیاتر باوە؟!
2. ئامانجی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە کە هەوڵمان داوە بزانین ڕواڵەت و نیشانەکانی خووگرتن چین؟ تاکی خووگر چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ تاکی سروشتی و ساغ؟
3. هەروەها پاڵنەرەکان و هۆکارەکانی تووش بوونیان بەو دیاردەیە چین؟ یان لە کۆمەڵگەکەماندا کام پاڵنەر زیاتر کاریگەری هەبوە لە سەریان؟

4. ئامانجی دیکە بریتییە لە: زانینی ئاسەوار و دەرەنجامەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگا، ئایا تەنها ئاسەواری نێگەتیڤی لەسەر تاکی خووگر هەیە، یاخود جگە لە تاك، لە سەر خێزان و کۆمەڵگاش بە گشتی؟

5. ئامانجی ترمان بریتییە لە: دۆزینەوەی رێگای بەرەنگاربوونەوە و چارەسەری و پێشگیری لەمو دیاردەیە کۆمەڵایەتییە.. وانە ئەرکی تاك و کۆمەڵگا و دەوڵەت چییە بەرامبەر بەو کێشەیە لە پێناو نەهێشتن - یان لایەنی کەم - کەم کردنەوەی رێژەکەی؟!

بەشی دووەم: دەست نیشانکردنی چەمکەکان

1. چەمکی مادده هۆشبەرەکان

2. چەمکی خووپێوەگرتن

3. چەمکی خووگر

بەشی دووەم: دەست نیشانکردنی چەمکەکان

1- چەمکی مادده هۆشبەرەکان

بۆ چەمکی مادده هۆشبەرەکان چەندین پێناسەی جۆراوجۆر - لە روانگەی جۆراوجۆرەوە - هەیە کە لێرە ئاماژە بە هەندێ لەوانە دەکەین:

* **مادده هۆشبەرەکان لە رووی زمانەوانیەوە:** بریتیە لەو مەوادانەی کە بە هۆیەوە تاك تووشی بێ هۆش و سڕبوونەوە و هەست نەکردن بە شتی دەوروبەری دەبێت[3].

* **مادده هۆشبەرەکان لە رووی پزیشکیەوە:** بریتیە لەو ماددەیە کە کار دەکاتە سەر کۆئەندامی دەماری تاك کە دەبێتە هۆی گۆڕان بە سەر هەندی ئەندامی جەستەی مرۆڤ کە ناتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ کە پێی دەگوترێ: ((کاریگەری فیزیولۆژی)). هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕان لە هەندی توانایەکانی بە هۆی کارتێکردن لە سەر کۆئەندامی دەماری، وەکو: هەستکردن، قسەکردن، بیرکردنەوە، خەیاڵکردن و...[4]

* **مادده هۆشبەرەکان لە رووی شەریعەتی ئیسلامیەوە:** زۆربەی زانایانی ئیسلام بە پشت بەستن بە بنەمای پێوانەکردن (واتە پێوانەکردن لەسەر مەی - قیاس علی الخمر) پێیان وایە کە مادده هۆشبەرەکان بە هەموو چەشن و پێکهاتەکانەوە حەرامێکی ئاشکرایە.

---

3. القرغولی (ئامر عبدالهادی): المخدرات ـ بغداد (سالی ؟): ل 2.

4. أبو الروس (أحمد): مشكلة المخدرات و الادمان ـ المكتب الجامعي الحديث الاسكندريه 2003، ل11.

زۆر لە کتێبەکانی ((فقه)) چارەسەری ئەم بابەتەیان کردووە و بە تێروتەسەلی باسیان لە ئەحکامی مەی و ڕووەکەکانی مادده هۆشبەرەکان کردووە. وەکو: ((کتاب الاشربة))[5]، ((کتاب الطعام و الشراب))[6]، ((کتاب حد السکر))[7].

ئەم فەتوا و پێوانەیەش لەسەر بنەمای چەند ئایەتی قورئانە وەکو: (النحل/ 67)، (البقرة/ 218)، (النساء/ 42)، (المائدة/ 90). هەروەها چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) وەکو:

- ((ما أسکر کثیره، فقلیله حرام))[8]، واتە: ((هەر شتێك کە زۆرەکەی سەرخۆش بکات، ئەوا کەمەکەشی حرامە!)).
- ((کل مسکر خمر، و کل خمر حرام))[9]، واتە: ((هەموو سەرخۆشکەرێك مەی دەژمێردرێت و هەموو مەیەکیش حەرامە!)).
- ((کل مسکر حرام))[10]، واتە: ((هەر شتێك کە سەرخۆش بکات، حەرامە!)).
- یاخود فەرموودەی بەناوبانگی: ((لا ضرر و لا ضرار فی الاسلام))، واتە: ((لە ئیسلامدا نە زیان هەیە و نە زیان گەیاندن بە خود و خەڵك هەیە!)).

بە پێی بڕیاری زانایانی ئیسلامی: ((کل ما یغیب العقل فانە حرام))[11]، واتە: ((هەر شتێك کە ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ ببات، حەرامە)).

---

5. بڕوانە: ((صحیح مسلم))، چاپی صبیح، بەشی6، ل58 - هەروەها شەرحی موطأ امام مالك، زرقاني، بەشی 4، ل23.
6. بڕوانە: ((کتاب الام))، امام شافعي، چاپی امیریە (1321 هـ)، بەشی2، ل 213 - هەروەها بدایة المجتهد و نهایة المقتصد، ابن رشد قرطبي، چاپی صبیح، بەشی 1، ل 372 .
7. ((الفتاوی الکبری))، ابن تیمیة، دار الکتب الحدیثة، بەشی 4، ل 300 - هەروەها حاشیة الدسوقي علي الشرح الکبیر، للدردیر، بەشی4، ل 352 .
8. بڕوانە: ((التاج للأصول في أحادیث الرسول))، شیخ منصور علي ناصف، چاپی دووەم، بەشی3، ل129.
9. بڕوانە: ((تەفسیری رازی))، المطبعة العادیة (1308)، بەشی2، ل229.
10. ((سنن ابن ماجه))، تحقیق محمد فؤاد عبدالباقي، دار احیاء الکتب العربیة (1373 هـ)، بەشی 2، ل1223.
11. ابن تیمیة، سەرچاوەی پێشوو، بەشی 4، ل310.

بەم پێیە زۆر لە زانایان جۆری ئەو مەوادەشیان دیار کردووە کە کاری نێگەتیڤی دەکەنە سەر لایەنی ((ئەقڵی و هەستی)) مرۆیی، وەکو: ((حطاب)) کە زانایەکی مالکیە و دەڵێت:

هەموو ئەو شتانە کە ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ دەبات، بەڵام حواسی نابات، حەرامە! وەکو: مەی و (نبیذ) شەراب.

هەموو ئەو شتانە کە حواسی مرۆڤ دەبات و ئەقڵ و هوشی نابات، حەرامە! وەکو: ئەفیون (تریاك و خەشخاش) و جەوزا (جۆرێك لە ماددە هۆشبەرەکانە) و بنج (جۆرێك لە حەشیشە) و...[12]

((ابن تیمیة)) دەڵێت: ((حەشیش و هەموو ئەو ماددانەی کە وەکو حەشیشن، حرامە جا سەرخۆش بکات یان نەکات و هەر کەس بە حەلالی بزانێ، کافرە!))[13].

لەم دواییەدا، فەتوای ((دار الافتاء المصریة)) سەبارەت بە ماددە هۆشبەرەکان دەرکراوە، گوزارشت لە حەرامکردنی هەموو جۆرە ماددەی هۆشبەر دەکات، هەم بەکارهێنانی، هەم بازرگانی کردنی، هەمیش چاندن و بەرهەمهێنانی[14].

* ماددە هۆشبەرەکان بە پێی بۆچونی لێژنەی ماددە هۆشبەرەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان:

لێژنەی ماددە هۆشبەرەکان سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی ماددە هۆشبەرەکان دەکات: ((ماددە هۆشبەرەکان بریتیە لە هەموو ئەو مەوادەی خاو یان دروستکراو کە خەیاڵ ساز ((منبهة)) یاخود خەوهێنەر ((مسکنه))یان

---

12. شرح الحطاب علی مختصر خلیل، بەشی3، ل232.
13. ابن تیمیة، سەرچاوەی پێشوو، ل310.
14. عیاد (سمیر): المخدرات سلاح الاستعمار و الرجعیة - دارالکتب العربی للطباعة و النشر1967، ل123- 129.

هەیە کاتێك کە بە کـار دێـت، نـەك بـۆ مەبەسـتی پزیـشکی یـان پیـشەسازی دیاریکراو، کە دەبێتە حاڵەتی گەڕانـەوە و دووبارەکردنـەوە و خووپێـوەگرتن بـە شێوەیەکی بەردەوام یان کاتی کە زیان دەگەیەنێتە تاك و کومەڵگا، هەم لە رووی جەستەیی و هەمیش دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە))[15].

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا، بۆ چـەمکی مـاددە هۆشـبەرەکان، وەکـو پێناسـەیەکی ئیجرائی پشت بەم پێناسەی دوایی دەبەستین.

ماددە هۆشبەرەکان بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکرێن:

1- **پێکهاتەکانی خشخاش:** کە تریاك، کودئین، هیرۆئین، مۆرفین و... دەگرێتەوە.

2- **ماددە خەیاڵسازەکان:** کـە کۆکـائین، L.S.D، حەشـیش و مـاری جوانـا دەگرێتەوە.

3- **ماددە خەوهێنەر و هێور دڵئارامکەرەکان:** کە باربیتۆراتەکان و هەموو مەشروباتی ئەلکۆلی دەگرێتەوە[16].

هەموو ئەم مەواددە دەبنە هۆی بەستراوەیی جەستەیی و دەروونـی کـە لێـرە بـە کورتی جیاوازی ئەو سێ جۆرە باس دەکەین:

لە کوردستان بە حوکمی ئەوەی دراوسێ ئێرانە، هەر سێ جۆرەکانی بە کار دێت. (ئەو خووگرانەی کە بینیومانە زۆربەیان تریاك بەکار دەهێنن، بەڵام تووش بـووی بە هیرۆئین و حەشیشی تێدا بوو).

پێکهاتەکانی تریاك زۆرتر بۆ هێورکردنەوەی ئـازار کـەڵك وەردەگیرێـت و زیـاتر کاریگەری بەسەر دەمارەکان (بەتایبەتی دەماری هەستی) هەیە و لەلایەك دەبێتە هۆی نەمانی پالەپەستۆ و رەقبوونی دەمارەکـان و ماسـولکەیی و لەلایـەکی تـر

15. القرغولي، سەرچاوەی پێشوو، ل2.

16. أحمدی (د. سيد أحمد): روانشناسي نوجوانان و جوانان - انتشارات مشعل، اصفهان 1383، ل189.

کەسەکە لە ژێر قورسایی هەستە بە نازارەکان رزگار دەکات، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە، ناوەندە دەمارەکان دەجوڵێنێ و هەستێکی خۆشی بۆ دروست دەبێت، بە شێوەیەك کە کەسەکە لە کاتێ نەشەبووندأ* گەشبینیەکی بێ هۆ و لە رادەبەدەری هەیە کە هەر کارێکی سەخت ئاسان دەبینێ و تەنانەت هەرکارێکی ناموومکین بە مومکین دەبینێت. هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی دووبارە بەکارهێنانەوەی مادەکە[17]!.

مادە خەیاڵسازەکان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر ناوەندی ژیری و دەماری ناوەندی هەیە و لە رێگای دروستکردنی خەیاڵاتی فراوان و بێ بنچینە، حاڵەتێکی رەوانی خۆش و ناراست دروست دەکەن. لە سەدەی دواییدا مادە خەیاڵسازەکان لەلایەن لاوانەوە بەکار هاتوە و رێژەی بەکارهێنانی رۆژ بە رۆژ لە بەرز بوونەوە دایە[18]. بۆ نموونە حەبی ((L.S.D)) کە مادەیەکی هۆشبەری دەستکردە واتە ((ئەسید لیزرێك دی ئیتل ئامید))، سەرەتا وەکو دەرمان بەکار دەهات و لە دواییدا ملیۆنان لاوی لە چینی ناوەندی کۆمەڵ تووش کرد.. ((ماری جوانا)) مەعجونێکە لە لق و گەڵای گیای شادانە.. ((حەشیش)) لە شیرەی گیای شادانەیە کە چەند بەرامبەر لە ماری جوانا بەهێزترە[19].

لە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا دەروێشەکان کەڵکیان لە ((بەنگ)) (بنج) کە جۆرێك لە حەشیشە وەردەگرت و لە ناو جیهانی خەیاڵ و ماخوولیادا نوقم دەبوون! جیهانی واقعی بۆ مرۆڤەکان سەختە، وەکو ئەوە وایە کە حەزێك لە مرۆڤ دایە کە لە ئەقڵی خۆی رادەکات و پەنا بۆ جیهانی خەیاڵ دەبات[20].

---

* ئەو بارەیە کە تریاك کێش لە باری ئاگایی دەرویەر بۆ باری ناناگایی دەگوازرێتەوە.

17. أردوبای (علی): جوانان و مواد توهم زا - آوای نور، تهران 1382، ل3 .

18. سەرچاوەی پێشوو، ل9.

19. گورین (کوزه): تشخیص بیماریهای روانی، ترجمەی پورأفکاری - انتشارات گنجینه1379، ل98.

20. أحمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل190.

((ئەلکۆل)) وەکو دەرمانی دژی خەمۆکی (دژە دامرکان و دڵساردی) کار دەکات و هەروەها وەکو دەرمانە خەوهێنەرەکان دەبێتە هۆی ناکۆکی لە شوێن دۆزینەوە و گێژی، بێهێزی زمین، کەمکردنەوەی هێزی دادوەری و نەبوونی کەسایەتییەکی نەگۆڕ. زۆر کەس پێیان وایە کە ئەلکۆل دەبێتە هۆی جموجۆڵ و جووڵەی مرۆڤ، بەڵام لە راستیدا وا نییە بە لکو دەبێتە هۆی سستی مرۆڤ. سەرەتا ئەلکۆل لە سەر ((کرتێکسی)) مێشك کاریگەری دەبێت و کۆت و بەندە ئەخلاقییەکان لا دەبات و حاڵەتێکی خۆش دروست دەکات و وردە وردە لەگەڵ زۆری ژەهراوی بوون، رەفتار و قسەکان لەدەست کەسەکە دەچنە دەر. توێژینەوەکان نیشانی دەدەن کە کەسی ئەلکۆلی بەرپرسیارییەتی ژیانی رۆژانەی بۆ قبوڵ ناکرێت[21].

2- چەمکی خووپێوەگرتن

زانایان - هەر یەك بە پشت بەستن بە بواری پسپوری خۆی - پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ چەمکی ((خووپێوەگرتن)) یاخود ((ئیدمان)) (خووپێوەگرتن/ Addiction) کردووە، بۆ نموونە:

★ **خووپێوەگرتن لە دەروونناسیدا:** چەمکی خووپێوەگرتن لە لای دەروونناسان بریتییە لە: خووگرتن و وابەستەیی بە شتێك کە ئاسەواری بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- خووپێوەگرتن، پێویستی بە بەکارهێنانی ماددەیەکی هۆشبەرە کە ئەگەر بیەوێ بەکاری نەهێنێ و هێلاینی بکات، ئەوا هەندێ حاڵەتی تایبەت بۆدروست دەبێ کە ناتوانێ بەرگەی بگرێت.

- زیادکردنی رێژەی ماددەی بەکارهێنراو لە پێناو دروستکردنی هەمان حاڵەتی یەکەم، کە یەکەم جار بە کاری هێنا بوو.

---

21. عظیمی (د.محمد): مباحث اساسي روانشناسي - انتشارات كيهان، تهران 1380، ل 303.

- بەسترانەوە و وابەستەیی جەستەیی و دەروونی بەو ماددەیە کە دەبێتە هۆی هەوڵ دانی بەردەوام بۆ بەدەست هێنانی ئەو مادەیە[22].

* **خووپێوەگرتن لە پزیشکیدا:** پزیشکەکان لە جیاتی زاراوەی ((خووپێوەگرتن)) زیاتر ووشەی ((وابەستەیی و بەسترانەوە بە ماددە هۆشبەرەکان)) (Drug dependence) بە کار دەهێنن[23]. ((وابەستەیی جەستەیی)) بریتیە لە خوو پێوەگرتنی بەردەوام بە شێوەیەك ئەگەر بێتو بیەوێ هێلاینی بکات ناتوانێت و تووشی سڕبوونەوە و ئێش و ئازارێکی جەستەیی زۆر دەبێت[24].

* **پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:** ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەم شێوەیە پێناسەی ((خووپێوەگرتن)) دەکات: ((خووپێوەگرتن بریتییە لە حەز یان بەسترانەوە بە شێوەیەکی ئاسروشتی و بەردەوام کە کەسانێك سەبارەت بەهەندێك لە مادە دەیانبێت))[25].

کەواتە مەبەست لە خووپێوەگرتن بەکارهێنانی ناپزیشکیانە و بەردەوامی ئەو دەرمانەیە کە بە زیانی بەکارهێنەرەکە و خەڵکانی تر تەواو دەبێت[26].

* **پێناسەی ئیجرائی بۆ خووپێوەگرتن:** لە ئەنجامی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین پێناسەی خووپێوەگرتن بکەین، بەم شێوەیە: ((خووپێوەگرتن بریتیە لە دیاردەیەکی دەروونی - کۆمەڵایەتی کە تاکی بەکارهێنەر بە هۆی کۆمەڵێك

---

22. کریم پور (صادق): روانشناسی اعتیاد - تهران 1365، ل36.
23. العیسوی (د. عبدالرحمن محمد): المخدرات و أخطارها - دارالفکر الجامعي، الاسکندریة 2005، ل21.
24. فدایی (فرید) و سجادیه (د. سید محمد علی): شناخت و پیشگیری و درمان اعتیاد - نشر تاپاز، تهران 1365، ل9.
25. أحمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل187.
26. گورین، سەرچاوەی پێشوو، ل6.

پاڵنەری دەروونی و جەستەیی و ژینگەیی بە شێوەیەکی درێژخایەن تووشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە خۆی و کۆمەڵگا، هەروەها بەرز بوونەوەی رێژەی تاوان و کێشەی جۆراوجۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی)).

بەم پێیە خووپێوەگرتن دەبێ چوار تایبەتمەندی خوارەوەی هەبێت:

1. **مەیل و رووکردن لە زۆر بەکارهێنانی مادەکە**: ئەم تایبەتمەندییە بە ((خۆراگری دەرمانی)) ناوزەد کراوە (ظاهرة الاحتمالية/ Tolerance)، لەو حاڵەتەدا تاکی خووگر جۆرێك گونجانی لەگەڵ مادەکە بۆ دروست دەبێت و بۆ دروستکردنی هەڵسوکەوت و پەرچەکرداری هاوشێوە دەبێ رێژەی مادەکە رۆژ بە رۆژ زیاتر بکات[27].

2. **وابەستەیی و بەستراوەیی جەستەیی و دەروونی**: بەستراوەیی جەستەیی حاڵەتێکی فیزیۆلۆژییە (Physiological addiction) کە بە هۆی بەکارهێنانی بەردەوامی مادەکە دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی بەکارهێنان[28] و، بەکارنەهێنانی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێك دەرەنجام کە پێی دەوترێت: ((سەندرۆمی نەگەیشتن)) (أعراض انسحاب/ Withdrawal syndrome). بۆنموونە: لە دوای بەکارنەهێنانی تریاك نیشانەکانی پێنەگەیشتن زۆر جار دوای 8 تا 13 کاتژمێر دەردەکەون کە بریتییە لە هاتنی ناو لە لوت و چاو، باوێشك، عارەقەکردن و لەو کاتەدا خەو بەسەر ئەو کەسەدا دێت و دوای هەڵسان لە خەو زۆر نائارام و پەشۆکاو دەبێت. نیشانەکانی تری پێنەگەیشتن دوای 24 تا 48 کاتژمێر دەردەکەون کە ئەوانیش بریتین لە گەورەبوونی گلێنەی (رەشکۆکە)ی چاو، هەست کردن بە سەرما، هەستانەوەی تووکی جەستە، رشانەوە، بێ ئیشتیایی، سکچوون، سك ئێشە، بێخەوی و بێهوشی[29].

27. العیسوی، سەرچاوە پێشوو، ل21.
28. أحمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل187.
29 . کورین، سەرچاوەی پێشوو، ل102.

((بەستراوەیی دەروونی)) جۆرە رەفتارێکی تایبەتە لە بەکارهێنانی زۆرەملێی ماددەکە کە وا لە تاکەکە دەکات بەردەوام بێت لە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنان و بەکارهێنانی ئەو ماددەیە، هەروەها مەیل و حەزێکی بەهێز لە لای دروست دەکات کە ناتوانێ هێلاینی بکات، بۆیە بەردەوام بۆ لای ئەم ماددەیە دەگەڕێتەوە[30]. کاتێك کە کەسەکە گەیشتە ئەو ئاستە چی تر چێژ لەو مادەیە وەرناگرێت، بەڵکو بەکارهێنانی دواتر تەنها لە رووی ناچاری دەبێت!

3. **حەز و پێویستییەکی بەهێز**: ئەم حەز و مەیلە بۆ مادەکە(Craving for drug) ئارادەیەکە کە بەهەر شێوەیەك بێت هەوڵدەدات ئەو مادەیە بەدەست بهێنێ! پێویستی بەردەوام بەپارە بۆ دابین کردنی مادەکە تاکی خووگر تووشی کاری ناڕەوا دەکات! توێژینەوەی گرووپی پزیشکی ((جان هاپکینز)) لەساڵی 1971 پیشان دەدات کە 12000 خووگری شاری ((بالتیمور)) ساڵانە بەلایی 300 ملیۆن دۆلار کەل و پەلی جۆراوجۆریان لە دوکانەکان دزیوە و دوای فرۆشتن بە یەك لەسەر سێی نرخی خۆی، سەرفی کڕینی مادەکەیان کردووە![31].

4. **زیانی بۆ تاك و کۆمەڵگا**: مادە هۆشبەرەکان لە هەموو روویەکەوە زیانی مادی و مەعنەوی هەیە بۆ کەسەکە و بۆ کۆمەڵگا بەگشتی[32]، واتە لە رووی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... راپۆرتی سیمیناری بەرەنگاربونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ساڵی 1985 لە ئێران پیشان دەدات: ئەگەر رۆژانە هەر خووگرێك 100 تومان خەرجی مادە سڕکەرە بکات ئەوا رۆژانە 100 ملیۆن تومان زیانی مادی بە کۆمەڵگا دەگات. ئەگەر هەر خووگرێك 5 کەس لە بنەماڵەدا هەبێ ئەوا تەندروستی دەروونی 5 ملیۆن کەس دەکەوێتە مەترسییەوە![33].

---

30. أردوبای (علی): اعتیاد بلای قرن بیستم - نشر گنجینه، تهران 1378، ل17.
31. أردوبای، سەرچاوەی پێشوو، ل17.
32. بڕوانە: شعبان (د. صباح کرم): جرائم المخدرات ـ المنصور، بغداد1984، ل35 و36.
33. احمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل188.

3- چەمکی خووگر

((خووگر)) یاخود (مودمن/ خووگرتوو) ئەو کەسەیە کە لە رووی دەروونی و جەستەییەوە وابەستە بە یەکێك لە مەوادی هۆشبەر دەبێت[34].

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەم شێوەیە پێناسەی ((خووگر)) دەکات، کە ئێمەش وەکو پێناسەی ئیجرائی خۆمان پشتی پێی دەبەستین: ((خووگر)) ئەو کەسەیە کە بە هۆی بەکارهێنانی مەوادێکی هۆشبەر یا خود دەرمانێکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەردەوام تووشی خووپێوەگرتن و وابەستەبوون دەبێت[35]. هەروەها لەو پێناسەیە دا، بەکارهێنەرەکانی مادده هۆشبەرەکان (وەکو: توتن، مەشروباتی الکحولی، تریاك، حەشیش، هیرۆین و ال. اس. دی و...) بە تاکەکانی نائاسروشتی و لادەر ناو دەبات[36].

* پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی خووگرتوو: لێرە باس لە هەندێ پێوەر دەکەین کە تاکی خوگرتوو لەگەڵ تاکی ساغ و سرۆشتی جیادەکاتەوە:

زۆر جار خودی خووگر داندەنێت کە خووگرتووە و پێویستی بە ماددەی هۆشبەر هەیە، بەڵام بە هۆی هەندێ گۆڕانکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تیایدا، دەتوانین بزانین کە ئەو تاکە خووگرتووە! بۆ نموونە:

1- خوگرتوو خاوەن لەشێکی لاواز و ڕەنگێکی زەرد و بەساڵاچوو و ڕەشی هەیە و ددانەکانی - بەردەوام- رزیو و زەردە.

2- بچوکبوونی گلێنە و ڕەشکۆکەی چاوەکان، نیشانەی خووپێوەگرتن، بەڵام نەك نیشانەیەکی یەکلاکەرەوە.

---

34. قدایی و سجادیە، سەرچاوەی پێشوو، ل9.

35. دانش (تاج زمان): مجرم کیست، جرم شناسی چیست؟- انتشارات کیهان، تهران 1384، ل267.

36. ستوده (د. هدایت الله): آسیب شناسی اجتماعی - انتشارات آوای نور، تهران 1384، ل188.

3- خوگرتوو کەسێکی بێ ئارام، هەڵچوو، تووڕەیە و فشار و دڵەراوکێی پێوە دیارە، کە بە شێوەیەکی لەناکاو دەگۆڕێت بە سەرخۆشی و هێمنی و ئارامیەکی ئاشکرا.

4- حەز بە گۆشەگیری و دوور بوونەوە لە خزمان بە تایبەتی لە دایك و باوك، برا و خوشك، و بە پێچەوانەوە حەز لە نزیکبوونەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵ برادەری نوێ و گوماناوی و نەناس دەکات.

5- گۆڕانی کاتی خەوتن، درەنگ خەوتن لە شەو و درەنگ هەستان لە بەیانیان.

6- بەرزبوونەوەی خەرجی رۆژانە و داواکردنی پارە بە شێوەیەکی بەردەوام لە دایك و باوك و خەڵکانی تر.

7- داخستنی دەرگا لە سەر خۆی بۆ ماوەیەی درێژ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە حاڵەتەکەی بشارێتەوە لە خەڵك.

8- گرنگی نەدان بە رەواڵەت و جوانی و خاوێنی خۆی، هەبوونی پرچی تێکەل و پێکەڵ، جل و بەرگی پیس و...

9- زۆر بوونی هاتوو و چووی گوماناوی و بێ ئامانج و بێ مانا.

10- زۆر خەوتن، خەموکی لەگەڵ شادمانی و خۆشییەکی زۆر کاتی.

11- مانەوەی لە رادەبەدەر لە تواڵێت.

12- زۆر قسەکردن، درۆکردن، وادەی زۆری بێ بنەما.

13- بەکار هێنانی دەرمانی دەمارەکان یان خەوهێنەر، یان پەیدابوونی هەندێ ئامرازی نوێ و گوماناوی بۆ بەکارهێنانی مەوادی هۆشبەر لە ژینگەی خووگرتوودا.

14- گرنگی نەدان و فەرامۆشکردنی پیشەو کار و خۆدزینەوە لە ئەرکەکان بە تایبەتی کاری جەستەیی وەکو وەرزش کردن![37].

15- گرنگی نەدان بە یاساکانی کۆمەڵگا.

16- زۆر بوونی ڕێژەی تاوانەکان، بە تایبەتی دزی کردن لە پێناو کڕینی ماددەی هۆشبەر.

17- هەبوونی ژیانێکی ناتەخلاقی و کەسایەتیەکی خۆپەرستانە، نەبوونی بەرپرسیارێتی و چاوەروانی زۆر لە خەڵك، بەتایبەتی لە دەوروبەری خۆی.

18- بەکارهێنانی بەرهەڵستکاری و گازاندە و رەخنەی بەردەوام لە خەڵك وەکو میکانیزمێکی بەرگری بە شێوەیەك کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە تاوانبار و بەرپرسیاری نەهامەتیەکەی خۆیان دەزانن[38].

---

37. ستودە، سەرچاوەی پێشوو، ل190 و191.

38. فرجاد (د. محمد حسين): آسيب شناسى كجرويهاى اجتماعى - انتشارات قوەى قضائيه، تهران 1383، ل147.

بەشی سێیەم: هوکارەکانی خووپێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان

أ. هۆکارە خودییەکان:

1- هۆکارە جەستەیی و بایۆلۆژییەکان

2- هۆکارە دەروونییەکان

ب. هۆکارە بابەتییەکان:

1- هۆکاری خێزانی

2- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

3- هۆکارە ئابوورییەکان

4- هۆکارە سیاسییەکان

5- هۆکارە جوگرافییەکان

6- هۆکارە یاساییەکان

بەشی سێیەم: هۆکارەکانی خووپێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان

أ- هۆکارە خودییەکان

هیچ کاتێك یەك هۆکــار بــە تــەنهایی نابێتــە هــۆی خووپێــوەگرتن بــە مــەوادی هۆشبەر، بەڵکو چەندین هۆکار پێکــەوە دەســتیان هەیــە لــە ســەرهەڵدانی ئــەم دیاردەیە، یاخود زەمینەی گونجاو دەرەخسێنن بۆ تووش بوونی تاکەکان.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژە بە سێ هۆکاری سەرەکی کردووە: ((دەرمانی و فارماکۆلۆژیکی))* و ((تاکەکەس و کەسایەتی)) و ((کۆمەڵایەتی))[39]. بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی وردتر- بە پشت بەستن بــەو ســەرچاوە جۆراوجۆرانــە کــە هەمانــە - هۆیەکانی خووپێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان بە دوو هۆکاری سەرەکی ((خودی)) و ((بابەتی)) دابەش بکەین کە لێرە دا باس لە هۆکارەخودییەکان دەکەین کە دەتــوانین بەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

1- هۆکارە جەستەیی و بایۆلۆژییەکان

لێرەدا باس لە کاریگەری بۆماوەیی (الوراثة) و جینەکان و نەژاد (عرق) و رەگــەز و تەمەن و حاڵەتی جەستەیی دەکەین:

- **هۆکاری بۆماوەیی و جینــەکان:** خووپێوەگرتنی دایــك و بــاوك، کاریگــەری ڕاستەوخۆ هەیە لە سەر منداڵەکان. ئەو ژەهــرەی کــە لــە ئــەنجامی مــەوادی هۆشبەر لە جەستەی دایك و باوك دروســت بــووە، دەگوازرێتــەوە بــۆ جــنین و دەبێتە هۆی خووگر بوونی جنین بەو ماددەیەی کە دایکەکەی پێــی خووگرتــوو

---

* فارماکۆلۆژیکی: زانستی دەرمانسازی.

39 . أحمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل196.

بووه[40]. هەندێ لە زانایان وەکو ((گرا)) پێیان وایە کە هەندێ کەس لە ناو مێشکیان دا ماددەیەکی کیمیاوی بە ناوی ((ئاندرۆفین)) و ((سرۆتۆنین)) و ((دۆپامین)) نیە، کە ئەم جۆرە کەسانە زیاتر پەنا دەبنە ماددە هۆشبەرەکان کە وەکو جێگرەوە دەژمێردرێت بۆ ئەم مەوادانە[41].

- **هۆکاری نەژادی:** مەیل بۆ خووپێوەگرتن لە نەژادە جۆراوجۆرەکان جیاوازە. بۆ نموونە زەرد پێستەکان و سپی پێستەکان زیاتر لە رەش پێستەکان تووشی ماددە هۆشبەرەکان دەبن[42].

- **هۆکاری رەگەزی:** بە پێی ئامارەکان و لێکۆڵینەوەکان، ژنان کەمتر لە پیاوان تووشی ماددە هۆشبەرەکان دەبن. بەڵام ئاسەواری نێگەتیڤی خووپێوەگرتنی ژنان بەهێزترە لە خووپێوەگرتنی پیاوان[43].

- **هۆکاری تەمەن:** لە هەر ئاستێکی تەمەنی دا، ئەگەری خووپێوەگرتن زۆرە. لەو خێزانانەی کە دایك یان باوك، یاخود هەردووکیان خووگر بن، ئەوا منداڵی کەم تەمەنیشیان تووشی هەمان ماددە دەبن و دواتر لەگەڵ گەورە بوونیان، جۆری ماددەکە دەگۆڕن. بە پێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی (72٪)ی خووگرەکان لە سەرتاسەری دونیا دا لە ژێر تەمەنی (25) ساڵ دان! خووگرەکان -بەشی زۆریان -بە جگەرە کێشان دەست پێدەکەن و دواتر وردە وردە بەرەو ماددە هۆشبەرەکان دەچن[44].

---

40. ساعی (بهروز): بررسی علل گرایش معتادان به مواد مخدر، پایان نامەی کارشناسی أرشد، دانشکدەی علوم اجتماعی و تعاون، تهران1370، ل 112.
41. آزمون (علی): سبب شناسی اعتیاد - مجلەی اجتماع درمان مدار، سال دوم، شمارەی 3، بهار 1384، ل4 و 5.
42. تاج زمان دانش، سەرچاوە پێشوو، ل276.
43. صفری (فاطمه): اعتیاد و زنان، تفاوتهای جنسیتی در زمینەی سوو مصرف مواد و درمان آن - ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1381، ل1 و 2.
44. تاج زمان دانش، سەرچاوەی پێشوو، ل276.

- **باری جەستەیی:** بەکارهێنانی دەرمانە ئازاربەر و خەوهێنەرەکان بۆ هەندێ لە نەخۆشی و ئێش و ئازاری جەستەیی و ماندووبوون، ئەو تاکانەی زیاتر بەرەو خووپێوەگرتن دەبات. بە تایبەتی ئەوانەی پیشەی گرانیان هەیە و زۆر ماندوو دەبن و خەویان کەمە. یا خود زێدەرۆیی کردن لە پەیوەندی سێکسی دەبێتە هۆی کەم بوونی هێز و لاواز بوونی توانای دەروونی تاکەکان، کە هەموو ئەوانە زیاتر لە مەترسی تووش بون بە مادده هۆشبەرەکان دان[45].

مادە هۆشبەرەکان بەتایبەتی پێکهاتەکانی تریاك لەوانەیە بۆ هێورکردنەوەی هەندێ ئازار وەکو: ئازاری گەدە، قاچ، رۆماتیزم*... لەلایەن پزیشکەوە بدرێت، ئەو هێورکردنەوە کاتییە و کەسەکە بۆ دووبارە بەکارهێنان و لە ئەنجامیشدا بۆ خووگرتن رادەکێشێت[46].

2- هۆکارە دەروونییەکان

- ئەو تاکانەی کە بەدەست هەندێ نەخۆشی دەروونی وەکو ((نوروتیك)) و ((سایکۆپاتیك)) و ((هیپو کندریا)) و ((خەموکی)) دەناڵێنن، لە پێناو نەهێشتنی فشار و دڵەراوکێ و کێشەی دەروونی، زیاتر لە مەترسی تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان دان[47].
- ئەوانەی کە کێشەی ((کەسایەتی))یان هەیە، بە تایبەتی ((نیرادەی لاواز)) و ((شێرزە و کێشەی زەینی))، ((باوەڕ بە خۆنەبوون))، ((نەگونجان و هەڵاتن لە واقیع و کێشەکانی ژیان))، ((تەنهایی و گوشەگیری))، ((دەمارگیری و ئائارام)) و...هتد[48].

---

45. تاج زمان دانش، سەرچاوەی پێشوو، ل277.

* رۆماتیسم: نەخۆشییەکی جەستەییە کە تووشی خوێن و جومگەکانی لەش دەبێت.

46. أحمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل196.

47. سەرچاوەی پێشوو، ل196 تا 198.

48. تقی زادە(داریوش): اعتیاد، علل، پیشگیری و درمان - مجلەی اجتماع درمان مدار، سال دوم، شمارە 3، بهار1384، ل8 و9.

- هەندێ کەس لە هەست کردن بە گوناه، لە خۆیان بێزار دەبن و پەنا بۆ ماددە هۆشبەرەکان دەبەن[49].
- هەندێ کەس بۆ تێرکردنی ئارەزوو دەروونییەکانی وەکو: ((ئارەزووی سێکسی)) و ((لەزەت و خۆشی)) و ((سەربەخۆیی و ئازادی)) و... خووگر دەبن.
- سەڵت و رەبەنەکان زیاتر تووش دەبن.
- تێرکردنی (فزولی- Curiosity) و حەزی مەعریفی و هەڵسەنگاندنی هێزی جەستەیی خۆی[50].
- هەرەسهێنان بە هۆی سەرنەکەوتن لە قۆناغەکانی ژیان (هاوسەرگیری، بە دەستهێنانی پارە، خوێندن، خۆشەویستی و...هتد).
- هاوسەرگیری زۆرەملێ.
- دووری لە خێزان یاخود لە دەستدانی کەس و کاری نزیک.
- لە کاتی خزمەتی سەربازی[51].
- تێڕوانین و ئاراستەی پۆزەتیڤی بە ماددە هۆشبەرەکان، نەبوونی باوەڕ و پێوەری ئایینی و مەزهەبی، گرنگیدان بە بەها و پێوەرەکانی خۆی و ڕەچاو نەکردنی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی[52].

ب- هۆکارە بابەتییەکان

خووگرتن جۆرێکە لە نەخۆشی کۆمەڵایەتی. لەو سەردەمەدا کە بارودۆخی گونجاوی کۆمەڵایەتی بۆ ژیانێکی مرۆیی و پڕ لە خۆشەویستی لەبار نییە، بە

---

49. یزدانی (د. غلامرضا): ((اعتیاد چیست؟)) لە سایتی ((اطلاع رسانی نیروی انتظامی جمهوری اسلامی ایران)): http://www.police.ir/druqs/avarez.htm

50. تاج زمان دانش، سەرچاوەی پێشوو، ل277.

51 . مولوی (فاطمه): نگاهی به آسیب شناسی اعتیاد - سایتی ئینتەرنێتی: http:// www.dchq.ir/

52 . نارنجی ها (د. هومن): علل گرایش به سوو مصرف مواد مخدر - سایتی ئینتەرنێتی: http:// www.dchq.ir

شێوەیەك دەبینین مرۆڤەكان لە یەكتر دوور بوونەتەوە و سۆزداری مرۆڤ كەم بۆتەوە و ئاسایش بەرقەرار نییە، نائارامی، زۆربوونی حەز بۆ تۆڵەسەندنەوە و دڵەڕاوكێ، لەو بارودۆخەدایە كە مرۆڤ بۆ سارێژكردنەوەی ئێشەكانیان روو لە مادە هۆشبەرەكان دەكەن. لەو جۆرە كۆمەڵگایەدا ڕێژەی مادده هۆشبەرەكان بەرز دەبێتەوە. ئەگەر سەیری هۆكارەكانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەكان بكەین، دەبینین كە جگە لە هۆكارە خودییەكان، چەندین هۆكاری بابەتی هەن كە ڕۆڵی سەرەكی لە مادده هۆشبەرەكان دەبینن:

1- هۆكاری خێزانی

خێزان گرنگترین دەزگای پەروەردەكردن و بەكۆمەڵایەتی كردنی تاكەكانە.. بۆیە جۆری پەیوەندی و جۆری رەفتار لە ناو خێزاندا، دەوری سەرەكی لە راكێشانی تاكەكان بۆ مادده هۆشبەرەكان دەبینێت:

- خووپێوەگرتنی دایك و باوك، یان یەكێك لە ئەندامانی خێزان.
- خێزانی نائارام و شپرزە[53].
- نەخوێندەواری و فەرامۆشكردنی دایك و باوك و نەبوونی كۆنترۆڵ و چاودێری لە سەر منداڵان، پەروەردەی نادروستی منداڵان[54].
- بوونی دوو چینی جیاواز: نەبوونی خۆشگوزەرانی ماددی و هەژاری ئابووری خێزان، هەروەها بوونی رفاهی ئابووری و داهاتی باشی خێزان[55].
- پەیوەندی لاواز لە نێوان ئەندامەكانی خێزان، بە تایبەتی لە نێوان دایك و باوك و منداڵان، یاخود لە نێوان ژن و پیاو.
- نەبوونی باوەڕ و پابەندبوونی ئایینی لە ناو خێزان (لاوازی ورە) و گرنگیدان بە شتە ماددییەكان.

---

53. أحمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل200 و 201.

54. حسینی زاهدی (سید ولی): مقالەی «اعتیاد و جوانان» – سایتی پێشوو.

55. بڕوانە: فرجاد، سەرچاوەی پێشوو، ل155و 156.

2- هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان

- هەبوونی مادده هۆشبەرەكان لە ناو كۆمەڵگا، بە شێوەیەك كە تاكان بە دەستیان بكەوێت بە بێ مۆڵەتی پزیشك.

- هەبوونی نابەرابەری و نایەكسانی، واتە بوونی بەربەست لە نێوان چینە كۆمەڵایەتیەكان. بۆ نموونە لە ئەمریكا بە هۆی جیاوازی چینایەتی، ڕێژەی مادده هۆشبەرەكان و خووگرەكان لە هەموو وڵاتێك زیاترە.

- بێكاری، كە كێشەیەكی كۆمەڵایەتی بەهێزە و ڕێگا بۆ لادان بە تایبەتی بۆ مادده هۆشبەرەكان خۆش دەكات. چونكە بێكارەكان زیاتر كاتی خۆیان لە قاوەخانەكان و گەڕان لەگەڵ برادەری خراپ و... دەبەنە سەر.

- گەشەكردنی لە ڕادەبەدەری پیشەسازی و كاركردنی زۆری كرێكاران و ماندووبوونیان و... .[56]

- نەبوونی هوشیاری كۆمەڵگا لە سەر مادده هۆشبەرەكان و ئاسەوارە نێگەتیڤەكانی.

- بێ بەندوباری ئەخلاقی و لاوازبوونی باوەڕی ئایینی و بنەماكانی.

- نەخوێندەواری یا خود ڕێژەی كەمی خوێندەواری، هەر وەك لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆر پیشان دەدەن، ئەوانەی ئاستی خوێندەواری بەرزیان هەیە، كەمتر تووش دەبن.

- هەستان و دانیشتن لەگەڵ برادەری خووگرتوو.

- ئامرازی ڕاگەیاندن كە بە شێوەیەكی تێرو تەسەلی مادده هۆشبەرەكان پیشان دەدەن كە هەستی فزوڵییەت لە ناو خەڵك دا دروست دەكات، بەتایبەتی لە لای منداڵان و گەنجەكان.

---

56. هەمان سەرچاوە، ل156 تا 157.

- کۆچ کردن بۆ شارەگەورەکان، کە جیاوازی فەرهەنگی و خەم و خەفەتی بێگانەیی و دوور کەوتن لە خزم و کەس، باری خراپی نیشتەجێ بوون و... رێگا خۆشکەرن بۆ مادده هۆشبەرەکان.
- نەبوونی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری پێویست و گونجاو، شوێنەکانی رابواردن و سەرگەرمی و وەرزشیەکان بۆ پڕکردنەوەی کاتی دەستبەتاڵی خەڵك بە تایبەتی گەنجەکان.
- هەندێ لە تاکەکان، خووپێوەگرتن بە کار دەهێنن وەکو بەرەنگار بوونەوە بەرامبەر بە خێزان، پێوەرەکان، داب و نەریتەکان و... بەگشتی سەرکێشی خۆیان دژ بە کۆمەڵگا و خێزان بە خووگر بوون پیشان دەدەن[57].
- نەبوونی ووتاری ئایینی لە لایەن مامۆستایانی ئایینی و نەزانینی زانیاری پێویست سەبارەت بە حەرام بوونی مادده هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانەوە.

3- هۆکارە ئابوورییەکان

خووپێوەگرتن لە ناو هەموو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە:

- سەرمایەدارەکان بە هۆی هەبوونی ئیمکانیات و پارە و سامانی باش، لە پێناو لەزەت و خۆشگوزەرانی و چێژ وەرگرتن، بە تایبەتی لە کاتی میوانداری بۆنەکان زیاتر بەرەو مادده هۆشبەرەکان دەچن.
- هەژار و بێکارەکان، کە زۆر جار قاچاغچییەکانی مادده هۆشبەرەکان بۆ بەکارهێنانیان لە دابەشکردن و کڕین و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان، تووشی خووپێوەگرتن دەکەن[58] و، دەبنە قوربانی ئامانجەکانیان.

---

57. بڕوانە: فرجاد، سەرچاوەی پێشوو، ل278 و 279.
58. تاج زمان دانش، سەرچاوەی پێشوو، ل279.

- قەیرانی ئابووری، کە زۆر جار لە دوای شەڕەکان دروست دەبێت و دەبێتە هۆی هەژاری خەڵك و ئەوەش خۆی لە خۆی دا دەبێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ ماددە هۆشبەرەکان[59].

4- هۆکارە سیاسییەکان

هۆکاری سیاسیش نابێ لە فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی دیاردەی ماددە هۆشبەرەکان، لە بیر بکەین:

- **داگیرکەران**: یەکێك لە هۆکاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بڵاوبوونەوە ماددە هۆشبەرەکان داگیرکەران بوون بۆ پاشکەوتن و وابەستە بوون و رازی بوون بە داگیرکەران و و دەرەنجامەکانی و بەرگری نەکردن و بیر لە سەربەخۆیی و ئازادی نەکردنەوە، کە داگیرکەران لە پشت ئەوەدا دەگاتە ئامانجەکانی کە بریتییە لە قۆرغکردنی سەرمایە و سامانی گەڵ و وڵاتیان! بۆنموونە: بازرگانی تریاك لەلایەن بەریتانیا لە چین کاتێ داگیرکردنی چین بە ناوبانگە، کە بریتانیای داگیرکەر بە گورزی ماددە هۆشبەرەکان، خەڵکی چالاك و بە جم و جۆڵی چینی کردە کەسانی پاشکۆ و ناقایم. دواتر بووە هۆی شەڕ لە نێوان خودی خەڵك لەلایەك و لە نێوان داگیرکەر و بازرگانەکانی تریاك کە لە لایەنگرانی داگیرکەر بوون لە لایەکی دیکەوە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بە ناوی جەنگی ئەفیون ((حرب الافیون)) ناسراوە[60]. راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی باس لەوە دەکات کە هەندێك ناوچە لە هیند، تایلەند، بەرازیل، پاکستان و ئەفغانستان، بۆ چاندن و بەرهەم هێنانی مادە هۆشبەرەکان تەرخان کراون و قاچاغچییەکانی مادە هۆشبەرەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو ماددەیە بۆ سەرتاسەری جیهان دەگوازنەوە و کە زۆر جار دەستی یەکێك لە پیاوانی دەسەڵات یان بەرپرسێکی دەوڵەتی تێکەڵاوی ئەو کارەیە.

---

59. فرجاد، سەرچاوەی پێشوو، ل159.

60. المغربي (د. سعد): ظاهرة تعاطي الحشيش - دار الراتب الجامعية، بيروت 1984، ل19.

جێگای سەرسوڕمانە کە کەنارێکی گچکەی وەکو هۆنگ کۆنگ نزیکی دە هەزار شوێنی کێشانەی ماددە هۆشبەرەکانی هەیە، لەو کەنارە ڕۆژانە 35 کەس بە تاوانی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان گیراون و لە سەدا هەفتای بەند کراون[61].

- **پشتگیری هەندێ وولات لە بەرهەمهێنان و بازرگانی کردنی ماددە هۆشبەرەکان:** وەکو ئەفغانستان، بە تایبەتی لە سەردەمی ((تالیبان))، بۆ نموونە لە سالانی 1997 و 1998 لە لوتکەی دەسەلاتی تالیبان، ڕێژەی بەرهەمی ماددە هۆشبەرەکان گەیشتە 4800 تەن کە داهاتەکەی نزیکەی 25 ملیارد دولار بوو[62].

- **دژایەتی نەتەوەیی:** بۆ نموونە لە ((ئێران)) دەبینین کە مادەی هۆشبەر لە هەموو شارەکانی دا تاوانکاریەکی گران و سزایەکی گرانیشی هەیە، بەلام لە ((کوردستانی ئێران))دا جۆرێك لە نەزانی و ئاسانکاری و تەغامز دەبینرێ و ئازادییەکی ئەوتۆ هەیە لە بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتن و بازرگانی کردنی ئەم جۆرە مەوادە کە وای لێهاتووە گەنجەکانی کوردی ئێران کە لە یەکەمەکانی زانکۆکانی تاران بوون و روحی نەتەوایەتییان بەهێز بوو، ئێستا تووشی ئەو نەخۆشییە تێکدەر و لاوازکەرە بوونە و لە ژێر دیوارەکان و چوارڕێیەکانی سنە و مەهاباد و بۆکان و... بێکار دەسووڕێن و دەجولێن و بەدوای ئەم مەوادە دا وێڵن. کاتێ کە سەردانی چەند خووگرتوومان کرد کە لە ئاسایشی هەولێر گیرا بوون، یەکێك لەوان ئاشکرای کرد کە ((اطلاعات))ی ئێران (دەزگایەکی ئەمنیە) رایسپاردم کە ((تریاك)) لە ئێرانەوە بۆ کوردستان بهێنم و مانگانە موچەیەکی دیاریکراوم بدەنێ!

---

61. أردوبای (علی): گسترش جهانی اعتیاد - انتشارات کیهان، تهران1379، ل125.
62. هاشمی (د. علی): سەرچاوەی پێشوو، ل11.

5- هۆكاره جوغرافییه‌كان

پێگه‌ی جوغرافیایی له هه‌ندێ وولاتدا كونترۆڵ كردن و چاودێری كردنی سنووره‌كان زه‌حمه‌ت ده‌كات و ده‌ست گه‌یشتن بو مادده هۆشبه‌ره‌كان و بازرگانی كردن و كڕین و فرۆشتنی ئاسان ده‌كات. كه‌متر خه‌می ده‌وڵه‌تانیش ئه‌م هۆكاره به‌هێزتر ده‌كات.. بۆ نموونه: بوونی ((ئێران)) له ته‌نیشت ((ئه‌فغانستان)) و بوونی ((كوردستانیش)) له ته‌نیشت ((ئێران)) یه‌كێك له هۆكاره‌كانی بڵاوبونه‌وه و ئاڵوگۆڕكردنی مادده هۆشبه‌ره‌كانه له نێوان دوو سنوری (ئێران و ئه‌فغانستان) و (ئێران و كوردستان) و ته‌نانه‌ت له نێوان خۆدی هه‌رێمی كوردستاندا!

6- هۆكاره یاساییه‌كان

قاچاغی مه‌وادده‌ی هۆشبه‌ر به هۆی گه‌شه‌كردنی ته‌كنۆلۆژی، بانده‌كانی مافیایی و ده‌سته نهێنی و پشت په‌رده‌كان، ئێستا بوه‌ته دیارده‌یه‌كی ئالوز كه ((نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان)) به ((تاوانی رێكخراو))ی ناوناوه[63].

تا ئێستا چه‌ندین رێككه‌وتن نامه و كونفرانسی نێوده‌وڵه‌تی (وه‌كو: كۆنفرانسی شانگهای چین (1909)، رێككه‌وتن نامه‌وه لاهای هوله‌ندا (1912)، په‌یمانی جنێڤ له ساڵه‌كانی (1925) و (1931) و (1971)، نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان (نیویۆرك1961) و...)[64] سه‌باره‌ت به مادده هۆشبه‌ره‌كان به‌ستراوه و هه‌موویان مادده هۆشبه‌ره‌كان به تاوانكاری ده‌زانن، به تایبه‌تی رێككه‌وتننامه‌ی كۆتایی ((كونفرانسی گشتی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان)) له ساڵی (1984)[65]، هه‌روه‌ها ((كونفرانسی نێوده‌وڵه‌تی مادده هۆشبه‌ره‌كان و بازرگانی قه‌ده‌غه‌كراو)) له ساڵی

---

63. بروانه: بوسار(آندره): بزهكاری بین المللی، ترجمه‌ی نگار رخشانی - انتشارات كتابخانه‌ی گنج دانش، تهران1375، ل73 تا 81.

64. بروانه: شعبان (د. صباح كرم): سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل65 تا 75.

65. دانش (تاج زمان): سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل237.

(1987) لە شاری ڤییەننا، کە بەیاننامەیەکیان دەرکرد سەبارەت بە بەرەنگار بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان کە بە کارهێنان و قاچاغ و بازرگانیکردن و بەرهەمهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بە شتێکی نایاسایی و زیانبار لە قەڵەم درا[66].

بەشێکی گەورەی بەندیخانەکان لە هەموو وڵاتاندا ئەم تاقمە تاوانبارانە دەگرێتەوە، کە یان ئینتیمایان بۆ باندێکی قاچاغچییان هەبووە، یانیش تاکێکی سەربەخۆ و تارێکخراو بووە.. بۆیە هۆکاری یاسایش دەوری زۆرە لە سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە، وەکو:

- نەبوونی یاسای گونجاو بۆ بەرەنگاری بوونەوەی لە ماددە هۆشبەرەکان: (بەرهەم هێنان، کڕین و فرۆشتن، ئامادەکردن، گواستنەوە، دەڵاڵی، بەکارهێنان).

- لاوازی و کەمتەر خەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێ کردنی یاساکان.

66. ستوده (د. هدایت الله): سەرچاوە پێشوو، ل187.

بەشی چوارەم: ئاسەواری خووپێوەگرتن

1- ئاسەواری جەستەیی

2- ئاسەواری دەروونی

3- ئاسەواری خێزانی

4- ئاسەوری کۆمەڵایەتی

5- ئاسەواری ئابووری

بەشی چوارەم: ئاسەواری خووپێوەگرتن

1- ئاسەواری جەستەیی

ئەگەر خەرجی ڕۆژانەی خووگرێك ڕابگیرێ و لە 10 تا 12 کاتژمێر تێپەرێ، ئەوا تووشی کۆمەڵێك ماك و ئاسەواری جەستەیی دەبێت، وەکو: ناڕەحەتی، دەمارگرژی، دڵەراوکێ، بێئارامی، پێکرژین، هاتنی ئاو لە لوت و چاو، ئێش و ئازاری ئەندامەکان، فشاری زۆر لە برپڕە، سك ئێشە، بێ ئیشتیهایی، ڕەشانەوەی بەردەوام، کز و لاواز بوون، سووکبوونی کێش... دواتر لەرزین و جوڵانی بەهێز دەست پێدەکات و ئەگەر مەواددی پێویست نەگاتێ، ئەم ڕەقبوون و لەرزینەکان بەردەوام دەبێت لە ڕادەیەك کە زۆر جار لەگەڵ ئاسەورای نەخۆشی خو ((صرع)) بە هەڵە وەردەگیرێ! ئەگەر 2 تا 3 ڕۆژ لامادە هۆشبەری نەگاتێ، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە سەرەتای خووپێوەگرتن دان و لە مێژ نییە تووشبوونە، خووپێوەگرتنەکەی لا دەچێ و نامێنێ، بەم مەرجە کە تاك بتوانێ بەرگەی بگرێ![67] چونکە نەگەیشتن بە مەواد نیشانە و ئاسەواری هەیە، بەڵام ((مردن و لە ناوچوون)) نیە[68]. باشترین نموونە ئەو خووگرانەن کە بەند دەکرێن و لە بەندیخانە دا ناچار دەکرێن کە واز بهێنن و نامرن.

بەڵام ئەگەر واز نەهێنێ و درێژە بە خووپێوەگرتنەکەی بدات، تووشی هەندێ ئاسەواری تێکشکێنەری جەستەیی دەبێت، لەوانە وەکو:

- زەرد بوون و ڕزینی ددانەکان.
- هەوکردنی دەم و لێو.

---

67. ستودە، سەرچاوە پێشوو، ل191.

68. فرجاد، سەرچاوەی پێشوو، ل160.

- کەمبوونەوەی دەردانی ئاوی لیکە رژێنەکانی ناو دەم.
- بێهێزی و لاوازی لەش و کەمبوونەوەی کێشی جەستە.
- نەزۆکی بۆ پیاو و ئافرەت و لەبارچوون لە ژنان.
- کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی.
- کەموکورتی و تێکچوونی کۆئەندامی دەمار.
- بە مۆمبوونی جەرگ (کبد). واتە ناتوانێ ئەنزیمی پێویست بڕژێنێت.
- زەردووی و کەمبوونەوەی رژێنەکانی ناو پانکریاس و ئاسەواری نێگەتیڤی تر لە سەر دەزگای هەرس.
- هەوکردن و ئاوسانی گورچیلەکان و کەموکورتی لە پاڵنانی میز و سووتانەوەی کۆئەندامی دەرەوەی میز.
- هەوکردنی درێژخایەنی گەروو.
- برۆنشیێتی مزمن*.
- نەخۆشی ئاسم**، سیل، لێدانی دڵ، تەنگە نەفەس و، سەرگێژە.
- ووشکی پێست.
- جۆرەها شێرپەنجە و وەستانی دڵ.
- نادیار بوونی زۆر لە نەخۆشیە مەترسیدارەکان بە هۆی کەم بوونەی هەستی ئێش و ئازار.

---

* برۆنشیێتی مزمن: بریتییە لە هەوکردنی بۆرییەکانی هەناسەی خوارووی درێژخایەن.

** نەخۆشیی ئاسم: بریتییە لە تەسکبوونی بۆرییەکانی هەناسە لەناو سییەکان ئەویش بەهۆی لەرزی (الحساسیە).

– ئەگەر خووگرتووی لەوجۆرە بێت کە بە دەرزی لێدان مادەکە وەردەگرێت، ئەوا لە مەترسی نەخۆشی ئایدزیش دایە[69].

2- ئاسەواری دەروونی

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، یەکێك لە هۆیەکانی خووپێوەگرتن بریتیە لە وابەستەیی و بەسترانەوەی دەروونی بە ماددە هۆشبەرەکانە (Psychological dependence). هەر وەك لە بەشی هۆکارە دەروونییەکان باسمان کرد، نەخۆشییە دەروونییەکان یەکێك لە هۆیەکانی تووش بوونی ماددە هۆشبەرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ((کەسایەتی))یان کامل نەبووە و گەشەیان نەکردووە. ئەوانە زیاتر لە رووی دەروونییەوە بە ماددە هۆشبەرەکان پابەند و بەستراون تا لە رووی جەستەییەوە! ئەگەر تاکەکان بە شێوەیەکی دروست و پۆزەتیڤی پەروەردە بکرێن، هیچ کاتێك بۆ بالانس و هاوسەنگی دەروونی خۆی پەنا ناباتە بەر ماددە هۆشبەرەکان. تاکەکانی خووگرتوو لە دوای چەند سالێك تووشی جۆرەها نەخۆشی دەروونی دەبن کە لێرە ئاماژە بە هەندێ لەوانە دەکەین:

– تێکچوونی یەکسانی و هاوسەنگی دەروونی.
– گرنگی نەدان بە بەها و بنەما ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان.
– لاوازی لە ئیرادە.
– نەمانی هەستی بەرپرسیارێتی.
– دروستبوونی هەستی دوژمنانە.
– بێ ئارامی.
– سەرکێشی و سەرپێچیکردن.

69. بڕوانە: العیسوی، سەرچاوەی پێشوو، فصلی «آثار الضارة للتدخین»، ل13 تا 38 – هەروەها ستودە، سەرچاوەی پێشوو، ل 191 و192 – هەروەها سایتی اطلاع رسانی نیروی انتظامی جمهوری اسلامی ایران» لە ئینتەرنێت:

http://www.police.ir/druqs/avarez.htm

- دڵەراوکێی بەردەوام.
- گۆشەگیری و تەنهایی، سۆزی و بێزاری لە خزم و کەس.
- خەوزڕان.
- فەرامۆشی و شپرزەیی لە فێربوون.
- نەخۆشی نوروتیك* و سایکۆپاتیك** و خەمۆکی...[70]

3- ئاسەواری خێزانی

بوونی تاکێکی خووگرتوو لە ناو خێزانێك دا دەبێتە هۆی ئاسەواری نێگەتیڤی جۆراوجۆر کە لێرە بە هەندێ لەوانە ئاماژە دەکەین:

- تێکچوونی شیرازەی خێزان.
- لاوازی و کەم بوونەوەی پەیوەندییەکان لە ناو خێزان.
- پەروەردە نەکردنی منداڵان بە شێوەیەکی دروست و پۆزەتیڤی.
- توندوتیژی و دروست کردنی کێشە لە ناو خێزان.
- کەم بوونەوەی ئاستی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان.
- بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوەی ژن و مێرد.
- کەمبوونەوەی رێژەی زەواج.
- دروستبوونی بێبەندوباری.

---

* نورتیك: بریتییە لە نەخۆشییەکی دەروونی سادە.

** سایکۆپاتیك: بریتییە لەو نەخۆشییەی کە نەخۆش هەڵسوکەوتی نالەبار لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا مومارەسە دەکات، وەك برادەر و لێپرسراو و مامۆستا ...

70. بڕوانە: المغربي، سەرچاوەی پێشوو، ل17- هەروەها فرجاد، سەرچاوەی پێشوو، ل160 و 161- هەروەها ستودە، سەرچاوەی پێشوو، ل192 و 193- هەروەها سایتی اطلاع رسانی نیروی انتظامی جمهوری اسلامي ایران» لە ئینتەرنێت: http://www.police.ir/druqs/avarez.htm

4- ئاسەواری کۆمەڵایەتی

هەروەك توێژینەوەی جۆراوجۆر - و تێبینی ئێمە وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی- پێشان دەدات کە تاکی خووگرتوو لە رووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لاوازە و تاکێکی گوشەگیر و وەلاوەنراو و قێزەوەن دەژمێردرێت! و جۆرەها کێشە و گرفتی تر وەك: تێکچوونی خێزان، تەڵاق، هەژاری، بێکاری، دزی، خۆکوژی، کوشتنی ژن یان مێرد و منداڵ، قاچاغ کردن و تووشی بەندیخانە بوون و...

تەنانەت لە کاتی ((هاوسەرگیریدا)) هەر کەسێك ئامادە نابێت لەگەڵ ئەم جۆرە تاکانە ژیانێکی هاوبەش پێك بهێنێت! زۆر جار ئەم کەسانە لە رووی پیشە و کارکردنیشەوە بە هۆی چەندین هۆکاری پێکەوە بەستراو تووشی ((بێکاری)) دەبن. لە ئێران تێستێك هەیە بە ناوی ((تێستی ماددە هۆشبەرەکان)) کە ئاشکرا دەبێت چ کەسێك خووگرتووە و تەنانەت جۆری مواددی بەکارهێنراویش دیار دەکات! ئەگەر کەسێك خووگرتوو بوو ئەوا هیچ پیشە و کارێکی نادەنێ، یاخود لە سەر کارەکەی دەردەکەن!

هەروەك ئاماژەمان پێکرد، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریش دەکاتە سەر رێژەی تاوان و تاوانباران و بەندکراوەکان[71]. چونکە دەبینین بەشێکی -زۆر یان کەم- لە بەندکراوەکان، تاکەکانی خووگرتوو یان ئەوانەی کڕین و فرۆشتنی پێدەکان، دەگرێتەوە!

هەر کەس لە ناو هەر کۆمەڵگایەك دا بۆ ماوەیەکی زەمەنی و تەمەنێکی دیاریکراو تاکێکی بەکاربەر و کۆمەڵگاش لە زۆر روویەوە سەرمایەگوزاری بۆ دەکات، وەکو بواری: تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، خزمەتگوزارییە

71. بڕوانە: شفرز (برنهارد): مبانی جامعه شناسی جوانان، ترجمەی کرامت الله راسخ - نشرنی، تهران 1383، ل231 تا238.

جۆراوجۆرەکـان و... بـەو ئومێـدە کـە ڕۆژێـك ببێتـە تـاکێکی بـە سـوود و بەرهەمهێنەر بۆ کۆمەڵگایەکەی. بەڵام ئەوەنـدەی لـە نزیکـەوە خووگرتووەکـان دەبینین و دەناسین، نەك تەنها هیچ بەرهەمێکیان نییە، بەڵکو بریتین لـە هەنـدێ مشەخۆر و بونەوەری بەکابەر کە تەنها زیان دەگەیـنـنە کۆمەڵگاکەیان!

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە لە ناو هەر چین و توێژی کۆمەڵایەتیدا خووگرتـوو دەبینرێ، بەڵام پێمان وایە جۆری ((کار و پیشە)) پەیوەنـدی بـە مـەیل یـان بـێ مەیلی بۆ مادده هۆشبەرەکان هەیە، ئەگەر چی ناکرێ بڵـێین: ئـەوە یاسـایەکە و دەبێ گـشتگیر بکـرێ! بـۆ نموونـە تاکـەکانی خووگرتـوو لـە چـینە بـەرزەکان و خۆشگوزەران دا زیاتر موزیسیمەنەکان و ئەوانەی مۆزیکژەنن، هەروەها هەندێ لە هونەرمەندە ناست نزمەکان پێکدەهێنن، بە تایبەتی ئەگەر لـەو کۆمەڵگایـەدا، ((هونەر بۆ هونەر)) بێت، نەك لە خزمەتی خەڵك و کۆمەڵگا!![72].

بەڵام زۆربەی خووگرتووەکان بێکارن و ئەگەر کارێکیش بکـەن، ئـەوا بریتیـە لـە کڕین و فرۆشتن و دابەش کردنی مـاددە هۆشـبەرەکان! حـەز لـە کـار و خوێنـدن ناکەن، ئەوەش کار دەکاتە سەر پرۆسەی گەشە کردنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا، و هەروەها کۆمەڵێك ئاسەواری تر کە لە خـوارەوە ئامـاژە بە هەندێکیان دەکەین:

- هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن بەرامبەر بە کۆمەڵگا.
- لاواز بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـەکان و نـەمانی ئینتمـا بـۆ نەتـەوە و حکومەت و کۆمەڵگا بە گشتی.
- بەرز بوونەوە و فراوان بوونی ڕێژەی تاوان و تاوانباران و بەندکراوەکان.
- بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکان و مەترسیدار وەك: ئایدز و هیپاتیت و...

72. نموونەی ئەو جۆرە هونەرمەندانە لە ساڵی 2006 لە ڕۆژنامەکانمان بینی کە چۆن بە هۆی ماددە هۆشبەرەکان گیراون!!

– بێبەشبوونی نەوەی ئایندە لە پەروەردەی دروست و گونجاو.
– دروست بوونی پیشەی درۆ.
– کەم بوونەوەی ئاستی بژێوی و خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.
– نەمانی متمانە لە نێوان خەڵك.
– کەمبوونەوەی ئاسایش لە نێوان خەڵك و...

5- ئاسەواری ئابووری

ئاسەواری ئابووری، بەشێکی تری ئاسەوارەکانی ماددە هۆشبەرەکانە کە هەم بە سەبارەت تاك و هەمیش کۆمەڵگا گرنگییەکی زۆر هەیە. چونکە تاکی خووگرتوو ناتوانێ کار بکات (بە هۆی نەبوونی هێزی کار و هیچ بەرهەمێکی نابێت). یاخود بە هۆی تاوانی ماددە هۆشبەرەکان، بەشێکی زۆر یان کەم لە ژیانی خۆی لە ناو زیندان دا دەباتە سەر، ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەم کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە و هەمیش ئابووری.

جگە لەوە زۆربەی ئەم مەوادە لە رووی ئابوورییەوە زۆر بەنرخ و نایابن! تاکی خووگرتوو ناچارە هەرچی هەیە لە پێناو بە دەست هێنانی ئەم مادەیەدا – بۆ شتێکی کەم، تەنانەت مسقاڵێك (Fix) پارەیەکی زۆر سەرف بکات[73]. بۆیە زۆربەی داهاتی تاکی و خێزانی خۆی لەو بوارەدا دوکەڵ دەکات و تووشی خسارەتی تاکی و خێزانی و تەنانەت نەتەوەیی دەبێت.. بۆ نموونە: لە ئەمریکا نزیکەی 14 ملیۆن کەس خووگرتوو هەن کە بە بەردەوام یەکێك لە مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن و زیاتر لە 50 ملیارد دۆلار ساڵانە خەرجی ئەم مەوادە دەکەن![74].

73. أبادینسکی (هووارد): جامعه شناسی مواد مخدر، ترجمەی محمد علی زکریایی – ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1382، ل16.
74. برومند (د. شهزاد): بررسی اقتصادی رفتار مصرف کنندگان مواد مخدر – ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1383، ل2.

دەکرێ ئاسەواری نێگەتیڤی ئابووری بەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

- خەرجی زۆر لە کڕین و بەدەست هێنانی مەوادەی هۆشبەر.

- خەرجی دەرمان و راگرتنیان لە شوێنە پەیوەندارەکان.

- کەمبوونەوەی رێژەی بەرهەمهێنان.

- خەرجی بەرەنگاری مادەە هۆشبەرەکان لە سنورەکان و لە ناو شارەکان.

- خەرجی دادگاکان و پارێزەران.

- سەرەنجام کەمبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و خێزان و کۆمەڵگا.

دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی

بەشی پێنجەم: ئیجرائاتی میتۆدی لێکۆڵینەوە

1- میتۆدی لێکۆڵینەوە

2- کۆمەڵگا و نموونەی لێکۆڵینەوە

3- بوارەکانی لێکۆڵینەوە

4- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

بەشی پێنجەم: ئیجرائاتی میتۆدی لێکۆڵینەوە

1- میتۆدی لێکۆڵینەوە

لە بەشی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەمان میتۆدی (Case study) ((لێکۆڵینەوەی بار))مان هەلبژارد، چونکە تەنها ((6)) نموونەمان هەبوو.

میتۆدی ((لێکۆڵینەوەی بار)) یەکێك لە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەیە لە زانستە کۆمەلایەتی بە تایبەتی زانستە رەفتارییەکان، کە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە حالەتیکی دیاریکراو[75].

ئەم میتۆدە کاتێك بەکار دێت کە ژمارەی نموونەی لێکۆڵینەوە کەم بێت و نەتوانرێ پرسیارنامە بە کار بهێنرێ. بۆیە توێژەری کۆمەلایەتی چەند نموونە و حالەتێکی دیاریکراو وەردەگرێ و لە چەندین لایەنەوە لێدەکۆلێتەوە. ئامانجی سەرەکی لەو میتۆدەدا تێبینیکردنی گشتی رەهەندە جیاجیاکانی حالەتی لێکۆڵینەوەکەیە و دواتر شیکردنەوەی ئەم تێبینیانەیە. بۆیە لێکۆڵینەوەی بار میتۆدێکی چۆنیەتییە و جەخت لەسەر پرۆسەکان و هۆکارەکان و تێگەیشتن و شیکردنەومیان دەکاتەوە. نموونە و حالەتەکە بەشێویەك هەلدەبژێرێ کە نیشاندەری بارودۆخی گشتی لێکۆڵینەوەکەیە یاخود نموونە لەو دیاردەیانەیە کە توێژەر دەیەوێ بە شێوەیەکی قوول لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات[76].

ئامانجی توێژەری کۆمەلایەتی لە بەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی بار ئەوەیە کە وەلامی ئەو پرسیارانە بداتەوە: بۆ چی و چۆن ئەم دیاردەیە سەریهەلداوە؟ یاخود چی روویداوە؟ بۆچی روویداوە؟ و چۆن روویداوە؟[77].

---

75. دی ولس (دی. ای): پیمایش در تحقیقات اجتماعی، ترجمی هوشنگ نایبی – نشرنی، تهران1383، ل15.

76. سرمد (د. زهرە) و ئەوانی تر: روشهای تحقیق در علوم رفتاری – نشر آگە، تهران،1383، ل89.

77. سەرچاوەی پێشوو، ل90.

2- کۆمەڵگا و نموونەی لێکۆڵینەوە

((کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە)) بریتیە لەو کومەلگایەی کە توێژەری کۆمەڵایەتی تێدا لێکۆڵینەوەی خۆی ئەنجام دەدات و نموونەی لێکۆلینەوەی تیدا هەلدەبژێرێت.

کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکەمان بریتی بوو لە ((ئاسایشی گشتی هەولێر)) چونکە تەنها لەو شوێنە دا هەندێ خووگرتووی بەندکراو هەبوو کە ژمارەیان ((6)) کەس بوو. لە ((زیندانی محطة)) هەندێ بەندکراوی تر هەبوو، بەڵام ئەوان خووگرتوو نەبوون، بەلکو قاچاغچی ماددە هۆشبەرەکان بوون، واتە ئەوانەی بازرگانی وکڕینی و فروشتن بەم مەوادە دەکەن یاخود لە ئەو دیوی کوردستان کە لە ئیرانەوە دەیهێنن.

3- بوارەکانی لێکۆڵینەوە

1. **بواری مرۆیی:** بریتیە لەو خووگرتووانەی کە لە ئاسایشی هەولێر بەندکراون.
2. **بواری شوێنی:** بریتیە لە ئاسایشی گشتی هەولێر، شوێنی راگرتنیخووگرتووەکان.
3. **بواری کاتی:** لێکۆڵینەوەکەمان دەستی پێکرد لە رێکەوتی 2006/4/12 تاکو 2006/5/28.

4- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

لە میتۆدی لێکۆڵینەوەی بار دا توێژەری کۆمەڵایەتی دەتوانێ 3 ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە باسەکەی بەکار بهێنێ کە بریتین لە: ((پرسیارنامە))، ((چاوپێکەوتن)) و ((تێبینیکردن)) [78]، کە ئێمە بە حوکمی توێژینەوەکەمان دوو ئامرازی چاوپێکەوتن و تێبینیکردنمان بە کار هێناوە:

---

78. دی واس، سەرچاوەی پێشوو، ل16.

1- تێبینیکردن (Observation)

گرنگترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانە کە لە زانستە رەفتارییەکان بە تایبەتی لە دەروونناسی دا بەکاردێت. تێبینی کردن بریتیە لە زانین و بەراوردکردن و وەسف کردن و نووسینی هەموو ئەو شتانەی کە روودەدەن[79].

هەموو زانستە کۆمەلایەتیەکان بە ((تێبینیکردن)) دەست پێدەکەن و بەوەش تەواو دەبن، تایبەتمەندی سەرەکی تیبینیکردن، ((راستەخۆ)) بوونە، چونکە دەکرێ لێکۆلینەوەی رەفتاری تاکەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ بکرێت و ئیتر پێویست ناکات توێژەر سەبارەت بە رەفتار و هەلسوکەوتی تاکەکان لە خەلکانی تر پرسیار بکات. بۆیە لەم رێگایەوە دەتوانێ سەرەتایی ترین زانیاری وەربگرێ[80].

ئامرازی تێبینی کردن بە دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت کە بریتین لە:

((تێبینی کردنی سادە)) (Simple Observation) کە زیاتر بەشێوەیەکی لە خۆوەیی لە بارودۆخێکی سروشتی دا بە بێ بەکار هێنانی ئامرازی میکانیکی وەکو تۆمارکراوەکان وکامێرا و... ئەنجام دەبێت و زیاتر لە لێکۆلینەوەی بەرایی بەکاردێت. کەچی ((تێبینیکردنی رێکخراو)) (Systematic Observation) زانستییانەتر و بە بەرنامەتر و ئاراستەکراوە کە تیایدا ((کات)) و ((شوێن)) دیار دەکرێ و لەوانەیە ئامرازی میکانیکی بۆ تۆمارکردنی دەنگ و وێنەگرتن بەکاربێت[81]. کە ئێمە لە لێکۆلینەوەکەمان ئەم جۆرە تێبینی کردنە (واتە جۆری رێکخراو)مان بەکار هێناوە، چونکە پێشتر پرسیارمان ئامادە کردبوو، کات و

79. سەرمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل151 .

80. فرانکفورد (چاوا) و نچمیاس (دیوید): روشهای پژوهش در علوم اجتماعی، ترجمەی د.فاضل لاریجانی و ئەوانی تر، انتشارات سروش، تهران 1381، ل296.

81. الرفاعي (د. أحمد حسين): مناهج البحث العلمي – دار وائل، عمان1999، ل221 تا 224.

شوێنی تێبینی کردن دیاری کرابوو، بە شێوەیەکی ڕێکخراو زانیارییەکان و تێبینی یەکانمان نووسی. بۆ نموونە حاڵەتی ڕەواڵەتی جەستەیی و دەروونی یەك بە یەك لە خووگرتووەکانمان نووسی.

2- چاوپێکەوتن: (Interview)

یەکێك لە گرنگترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە کە توێژەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاکی لێتوێژەر دابنیشێت و گفتوگو بکات و دواتر بە شێوەیەکی وورد توێژینەوەی بابەتەکانی نادیار بکات و هۆکارەکانی دەست نیشان بکات[82].

چاوپێکەوتن، پەیوەندی لە نێوان دوو کەسە لە بەردەم یەکتر. لەو حاڵەتەدا توێژەر پرسیارەکانی خۆی کە پێشتر ئامادەکراون لە لێتوێژەر دەپرسێ، پرسیارەکان و ووشەکان و شێوازی ئاراستەکردنیان، جۆری ئەنجام دانی چاوپێکەوتنی دیار دەکەن[83].

چاوپێکەوتنیش دوو جۆرە کە بریتین لە: ((چاوپێکەوتنی ڕێکخراو)) و ((چاوپێکەوتنی نارێکخراو))، کە هەریەکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە[84] و، ئێمە لە کاتێ سەردانی ((ئاسایشی گشتی هەولێر)) کە لەگەڵ 6 تاکی خووگرتوو چاوپێکەوتنمان ئەنجام دا، جۆری ڕێکخراومان بەکار هێنا. چونکە پرسیارەکان پێشتر ئامادە کرابوون و هەریەك لەو خووگرتووانە وەڵامی هەمان پرسیاریان دەدایەوە بە شێوەیەك کە دەقاو دەق پرسیارەکان بۆ هەموویان هاوبەش و یەکسان بوو.

82. سەرمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل149.

83. فرانکفورد و نچمیاس، سەرچاوەی پێشوو، ل334.

84. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل334 و 335.

بەشی شەشەم: خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

1- خستنەرووی زانیارییەکان

2- دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان

بەشی شەشەم: خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

1- خستنەرووی زانیارییەکان

ئێستا یەك بە یەك لەو خووگرتووانەی (کە هەموویان پیاو بوون) و لە ئاسایشی گشتی هەولێر (چاوپێکەوتن)مان لەگەڵ کردوون و کۆمەڵێك پرسیاری گشتی و تایبەتمان ئاراستەکردن، لە خوارەوە وەڵامەکانیان دەخەینەروو و دواتر شییان دەکەینەوە:

1- لێکۆڵینەوەی باری یەکەم

تەمەنم (23) ساڵە و هێشتا ژنم نەهێناوە.. ئێستا دانیشتووی قەزای (دیانا)م و لە خانوویەکی کرێ دام.. پێشتر ئاوارەی ((ئێران)) بووم لە ساڵی (1983) و لە شاری ((ئیسفەهان)) نیشتەجێ بووین و لە ساڵی (2005) گەڕاومەتەوە.. تەمەنم (11) ساڵ بوو کە قوتابخانەم بە جێ هێشت و ئێستا ئاستی خوێندەواریم ((سەرەتایییە)). پێش کە بکەومە ناو زیندان (واتە ئەو کاتە کە لە ئێران بووم)، کاری ئازادم دەکرد و کرێکاری ئاسایی بووم.. داهاتی مانگانەم (250000) تومانی ئێرانی (نزیکەی 270$) بوو.. هۆی ئەوەی کە هاتوومەتە ناو زیندان، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بوو لە دیانا.. یەکەمجار کە بە کارم هێنا بەر لە (3) ساڵ پێش بوو کە بەهۆی دوو برادەرم لە ئیسفەهان فێری ماددە هۆشبەرەکان بووم.. زۆر هاتووچۆی ئەوانەم دەکرد و بە قسەی وانم کرد، دەیانگووت: زۆر خۆشە و حاڵەتێکی خەیاڵیت بۆ دروست دەکات!.. پێش لە ماددە هۆشبەرەکانیش ((جگەرەم)) بەکار دەهێنا، ڕۆژانە (20) دانە.. ئێستاش ((جگەرە)) و ((تریاك)) بەکار دەبەم.. لە ڕێگای کێشان، هەندێ جاریش لە ناو ((چای)) دەکەم و دەیخومەوە. مانگانە نزیکەی (60000) تومان (70$)م بە

ترياك دەدا.. دەمزانـی کـە بـەكار هێنـانی ئـەم جـۆرە مـەوادده دەبێتـە هـۆی خووپێوەگرتن، بەڵام بە راستی نەمدەزانی کە ئاسەوار و دەرەنجامـەكانی ئەوەنـدە نێگەتيڤی و زەرەرمەندن.. پەيوەندی کۆمەڵايەتيم لەگەڵ دايك و باوكم زۆر بـاش نەبوو، بە تايبەتی لەگەڵ برام.. خێزانی ئێمـە لـە رووی ئايينييـەوە زۆر پابەنـد نەبوون. من هيچ ئاگاداری ئەوە نەبووم كە ئاين رێگرە لـە بـەردەم بـەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان، واتە نەمدەزانی ئيسلام حەرامی کـردووە.. بـەڵام دەمزانـی کە شتێکی ناقانونيە و ئەگەر بێتو ئاشكرا بم، دەمگرن!.. دەسـت بـەتاڵی خـۆم زياتر بە كێشانی مەواد و خەوتن پڕ دەکـردەوە، ئێـستاش زۆر پەشيمانم!.. بـۆ ئەوەی خەڵکانی ديکە بە تايبەتی گەنجەكان وەكو من تووش نەبن، پێيان دەڵێم:

1. ئەوانەی كە ئەو كارە دەكەن، هەڵەيەكی گەورە دەكەن!
2. ئەوەی كە ئەو كارەی دەكات، سزا بدرێت و بخرێتە ناو زيندان و ئازادی نەكەن!
3. ئيرادەيان هەبێت و جگەرە و ترياك فڕێ بدەن!

2- لێكۆڵينەوەی باری دووەم

تەمەنم (23) ساڵە و هێشتا ژنم نەهێناوە.. ئێـستا دانيشتووی قـەزای (ديانـا)م و لە خانوويەكی كرێ دام.. پێشتر ئاوارەی ((ئێران)) بووم و لە شاری ((ئيسفەهان)) نيشتەجێ بووين و لە ساڵی (2000) گەراومەتەوە.. تەمەنم (17) سـاڵ بـوو كـە قوتابخانەم بە جێ هێشت و ئێستا ئاستی خوێندەواريم ((ناوەنديـە)). پـێش كـە بكەومـە نـاو زينـدان، پێـشمەرگە بـووم و بەردەسـتی بـاوكم بـووم كـە كـاری چێشتلێنەر دەكات بۆ بارەگـای پێـشمەرگەكان.. داهـاتی مانگانـەم (225000) ديناری نوێ (نزيكەی 150$) بوو.. هۆی ئـەوەی كـە هاتوومەتـە نـاو زينـدان، بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان بوو لە ديانا.. يەكەم جار كە بە كارم هێنـا لـە ساڵی (2002) بوو لە ديانا كە بەهۆی برادەرم كـە خزميـشم بـوو، فێـر كـرام.. ئەويش چەند برادەری هەبوون كە هەموويان خووگرتـوو بـوون، ئـەوان لـە ئێـران

خووگر ببوون.. پێش له مادده هۆشبەرەکانیش ((جگەرەم)) بەکار دەهێنا، رۆژانە (40) دانە.. ئێستاش ((جگەرە)) و ((تریاك)) و ((هرۆئین)) و ((حەشیش)) بەکار دەبەم.. تریاك و حەشیش لە رێگای کێشان، هەروئین لـه رێگـای دەرزی لێـدان. مانگانە نزیکەی (30000) دینار ($20)م بە هرۆئین دەدا.. دەمزانی کـه بـەکار هێنانی ئەم جۆرە مەوادده دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن بووم، بەڵام نەمدەزانی کـه ئاسـەوار و دەرەنجامـەکانی ئەوەنـدە نێگـەتیڤی و زەرەرمەنـدن.. پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیم لەگەڵ دایك و باوکم باش بوو، باوکم هەموو شتێکی کە دەمویست بۆی فەراهەم دەکردم. خێزانی ئێمە لە رووی ئاینییەوە زۆر پابەند نەبوون و لاواز بوون. من هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە شایین رێگـره لـه بـەردەم بـەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، واتە نەمدەزانی ئیسلام حەرامی کـردووە، چـونکە گـرنگیم بەو شتانە نەدەدا.. بەڵام دەمزانی کە شـتێکی ناپاسـاییه و ئەگـەر ئاشـکرا بم، دەمگرن!.. دەست بەتاڵی خۆم زیاتر بە گەران لەگەڵ برادەرەکـانم پـڕ دەکـردەوە، ئێستاش زۆر پەشیمانم!.. بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بە تایبەتی گەنجـەکان وەکـو من تووش نەبن، پێیان دەڵێم:

1. بەرامبەری ئەوان بوەستن کە بەکاری دەهێنن!
2. بەرامبەر ئەوانیش بوەستن کە ئەم جۆرە مەوادە لە سنوورەکان دەهێنن!

3- لێکۆڵینەوەی باری سێیەم

تەمەنم (29) ساڵە و ژنم هێناوە و خاوەن منداڵێکم.. ئێستا دانیـشتووی قـەزای (دیانا)م و لە خانوویەکی کرێ دام.. پێشتر ئاوارەی ((ئێـران)) بـووم و لـە شـاری ((ورمێ)) نیشتەجێ بووین و لە ساڵی (2005) گەراومەتەوە.. هەتا ((ناوەندی))م خوێندووە. پێش کە بکەومە ناو زیندان (واتە ئەو کاتە کە لە ئێران بووم)، کـاری ئازادم دەکرد و کاشیکار (وەستای کاشی) بووم.. داهـاتی مانگانـەم (750000) دیناری نوێ (نزیکەی $500) بوو.. هۆی ئـەوەی کـە هاتوومەتـە نـاو زینـدان،

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بوو لە دیانا.. یەکەم جار کە بە کارم هێنا بەر لە (2) ساڵ پێش بوو کە بەهۆی (7) برادەرم لە ورمێ فێری مادده هۆشبەرەکان بووم.. زۆر هاتووچۆی ئەوانەم دەکرد و بە قسەی وانم کرد، دەیانگووت: حەزی سێکسیت بەهێز دەکات! چێژێکی وەکو چێژی سێکسیت بۆ دروست دەکات، و لە کارەکەت هیچ ماندوو نابی و تەنانەت دەتوانی 24 کاتژمێر کار بکەیت!.. پێش لە مادده هۆشبەرەکانیش ((جگەرەم)) بەکار دەهێنا، رۆژانە (10) دانە. ئێستاش ((جگەرە)) و ((تریاک)) بەکار دەبەم.. لە رێگای کێشان، هەندێ جاریش تریاک لە ناو ئاوی کوڵاو دەکەم و بە دەرزی لێدەدەم! مانگانە نزیکەی (75000) ئایینار ($50)م بە تریاک دەدا.. دەمزانی کە بەکار هێنانی ئەم جۆرە مەوادده دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن بوونم، تەنانەت دەمدەزانی کە ئاسەوار و دەرەنجامەکانیشی ئەوەندە نێگەتیڤی و زەرەرمەنـدن.. باوکم هەر لە منداڵیمەوە نەما بوو. پەیوەندی کۆمەڵایەتیم لەگەڵ دایکم زۆر باش نەبوو.. لە دوای دەست پێکردنم، پەیوەندی هاوسەرەکەشم لەگەڵم دا وەکو پێش نەما! خێزانی ئێمە لە رووی ئایینییەوە باش بوون. من هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە ئاین رێگرە لە بەردەم بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، واتە نەمدەزانی ئیسلام حەرامی کردووە.. بەڵام دەمزانی کە شتێکی نایاسایە و ئەگەر بێتو ئاشکرا بێ، دەمگرن!.. دەست بەتاڵی خۆم زیاتر تەماشا کردنی سەتەلایت پڕ دەکەمەوە، ئێستاش زۆر پەشیمانم!.. بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بە تایبەتی گەنجەکان وەکو من تووش نەبن، پێیان دەڵێم:

1. هەتا بکرێت توندبن بکەن!
2. خەڵکی فێری کاری باش بکەن!

4- لێکۆڵینەوەی باری چوارەم

ئەمەنم (34) ساڵە و خێزاندارم و (2) منداڵم هەیە.. ئێستا دانیشتووی قەزای (بنەسلاوە)م و خانوو هی خۆمە.. پێشتر ئاوارەی ((ئێران)) بووم و لە شاری ((جهرم)) نیشتەجێ بووین و لە ساڵی (2000) گەراومەتەوە.. تەمەنم (13) ساڵ بوو کە قوتابخانەم بە جێ هێشت و ئێستا ئاستی خوێندەواریم ((سەرەتاییە)).. پێش کە بکەومە ناو زیندان، پێشمەرگە بووم.. داهاتی مانگانەم (230000) دیناری نوێ (نزیکەی 150$) بوو.. هۆی ئەوەی کە هاتوومەتە ناو زیندان، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بوو لە بنەسلاوە.. یەکەمجار کە بە کارم هێنا بەر لە (3) ساڵ پێش بوو کە بەهۆی (5) برادەر فێری بووم.. زۆر هاتووچۆی ئەوانەم دەکرد و فریوی قسەکانیانم خوارد! بۆ نموونە دەیانگووت: هەست بە هیچ کێشەیەك ناکەیت!.. پێش لە ماددە هۆشبەرەکانیش ((جگەرەم)) بەکار دەهێنا، رۆژانە (20) دانە. ئێستاش ((جگەرە)) و ((تریاك)) بەکار دەبەم. لە رێگای کێشان. مانگانە نزیکەی (250000) تومان (160$)م بە تریاك دەدا.. نەمدەزانی کە بەکار هێنانی ئەم جۆرە مەوادده دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن بوونم، هەروەها نەمدەزانی کە ئاسەوار و دەرەنجامەکانی ئەوەندە نێگەتیڤی و زەرەرمەندن.. پەیوەندی کۆمەلآیەتیم لەگەڵ خێزانم خراپ بوو، بە تایبەتی لەگەڵ هاوسەرەکەم دوای ئەوەی کە خووگرتوو بووم، جارێك هەوڵی خۆکوژی دا، هێزی سێکسیم نەماوە!.. خێزانی ئێمە لە رووی ئایینییەوە هیچ پابەند نەبوون. من هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە ئایین رێگرە لە بەردەم بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، واتە نەمدەزانی ئیسلام حەرامی کردووە، بۆ من ئایین هیچ مانایەکی ئەوتۆی نەبوو.. بەڵام دەمزانی کە شتێکی نایاساییە و ئەگەر بێتو ئاشکرا بم، دەمگرن!.. دەست بەتاڵی خۆم زیاتر بە کێشانی مەواد و تەماشاکردنی سەتەلایت پڕ دەکردەوە، ئێستاش زۆر پەشیمانم!.. بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بە تایبەتی گەنجەکان وەکو من تووش نەبن، پێیان دەڵێم:

1. خەڵك ئاگایان لە خۆ بێت، هەر کە کێشایان تووش دەبن!
2. ئەگەریش تووش بوو، ئەوا ماڵی کاول دەبێت!

5- لێکۆڵینەوەی باری پێنجەم

تەمەنم (30) ساڵە و خێزاندارم و (2) منداڵم هەیە.. ئێستا دانیشتووی قەزای (بنەسلاوە)م و لە خانوویەکی کرێ دام.. پێشتر ئاوارەی ((ئێران)) بووم و لە شاری ((شیراز)) نیشتەجێ بووین و لە ساڵی (2004) گەراومەتەوە.. قۆناغی ((ئامادەیی))م تەواو کردووە.. پێش کە بکەومە ناو زیندان، پێشمەرگە بووم.. داهاتی مانگانەم (330000) دیناری نوێ (نزیکەی 220$) بوو، بەڵام لە ئێران لە ئانەواییەکم ئیش دەکرد.. هۆی ئەوەی کە هاتوومەتە ناو زیندان، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بوو لە بنەسلاوە.. یەکەمجار کە بە کارم هێنا بەر لە (3) ساڵ پێش بوو کە بەهۆی (7) برادەرم لە شیراز فێری ماددە هۆشبەرەکان بووم، هەر لەو ئانەواییەدا فێر کرام.. زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەو ماددەیە چییە کە ئەوندە باسی لێی دەکرێ.. پێش لە ماددە هۆشبەرەکانیش ((جگەرەم)) بەکار نەدەهێنا.. ئێستاش ((تریاك)) بەکار دەبەم.. لە رێگای کێشان، هەندێ جاریش خواردن.. مانگانە نزیکەی (50000) تومان (65$)م بە تریاك دەدا.. نەمدەزانی کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە مەوادده دەبێتە هۆی خوویێوەگرتن بوونم، تەنانەت نەمدەزانی کە ئاسەوار و دەرەنجامەکانی ئەوەندە نێگەتیڤی و زەرەرمەندن.. پەیوەندی کۆمەڵایەتیم لەگەڵ دایك و باوکم زۆر باش نەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ هاوسەرەکەم لە دوای خوویێوەگرتنم، خێزانی ئێمە لە رووی ئاینییەوە زۆر پابەند نەبوون. من هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە ئاین رێگرە لە بەردەم بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، واتە نەمدەزانی ئیسلام حەرامی کردووە و بۆ من گرنگ نەبوو بزانم رای ئاین چییە.. بەڵام دەمزانی کە شتێکی ناقانونیە و ئەگەر بێتو ئاشکرا بم، دەمگرن!.. دەست بەتاڵی خۆم زیاتر

به گەڕان و تەماشاکردنی سەتەلایت پڕ دەکردەوە، ئێستاش زۆر پەشیمانم!.. بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بە تایبەتی گەنجەکان وەکو من تووش نەبن، پێیان دەڵێم:

1. حکومەت زیاتر گرنگی بە گەنجەکان بدات، پارك دروست بکات، گرنگی بە وەرزش بدات!
2. هوشیار کردنەوەی خەڵك!

6- لێکۆڵینەوەی باری شەشەم

تەمەنم (27) ساڵە و خێزاندارم و (1) منداڵم هەیە.. ئێستا دانیشتووی قەزای (بنەسلاوە)م و لە خانوویەکی کرێ دام.. پێشتر ئاوارەی ((ئێران)) بووم و لە شاری ((شیراز)) نیشتەجێ بووین و لە ساڵی (2004) گەراومەتەوە. قۆناغی ((ناوەندی))م تەواو کردووە.. پێش کە بکەومە ناو زیندان، شوفێری تەکسی بووم. داهاتی مانگانەم (400000) دیناری نوێ (نزیکەی 265$) بوو.. هۆی ئەوەی کە هاتوومەتە ناو زیندان، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بوو لە بنەسلاوە.. یەکەمجار کە بە کارم هێنا بەر لە (1) ساڵ پێش بوو کە بەهۆی برام (واتە حالەتی پێنجەم) فێری مادده هۆشبەرەکان بووم.. مەبەستی سەرەکیم لە بەکارهێنانی زیاتر حەزی سێکسی بوو.. پێش لە مادده هۆشبەرەکانیش ((جگەرەم)) بەکار نەدەهێنا.. ئێستاش ((تریاك)) بەکار دەبەم.. لە ڕێگای کێشان.. مانگانە نزیکەی (135000) تومان (150$)م بە تریاك دەدا.. دەمزانی کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە مەوادده دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن بوونم، تەنانەت دەمزانی کە ئاسەوار و دەرەنجامەکانی ئەوەندە نێگەتیڤی و زەرەرمەندن.. پەیوەندی کۆمەڵایەتیم لەگەڵ دایك و باوکم و لەگەڵ هاوسەرەکەم باش بوو، بەڵام لە دوای خووپێوەگرتن بوونم، بەردەوام لە گەڵ خێزانم شەڕ و کێشەم هەبوو، جارێك خێزانم (30) حەبی خوارد لە داخی من!.. خێزانی ئێمە لە رووی ئایینییەوە زۆر پابەند نەبوون. من هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە ئایین ڕێگرە لە بەردەم بەکارهێنانی

مادده هۆشبەرەکان، واتە ئەمدەزانی ئیسلام حەرامی کردووە و بۆ مـن گـرنگ نەبوو بزانم رای ئاین چییە.. بەڵام دەمزانی کە شتێکی ناپاسایە و ئەگـەر بێتـو ئاشکرا بم، دەمگرن!.. دەست بەتاڵی خـۆم زیـاتر بـە گـەڕان و تەماشـا کردنـی سەتەلایت پڕ دەکردەوە، ئێستاش زۆر پەشیمانم!.. بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکـە بـە تایبەتی گەنجەکان وەکو من تووش نەبن، پێیان دەڵێم:

* شوێنێك بۆ ئەوانە (خووگرتووەکان) دابینبکرێت بۆ ئەوی متمانە دروست ببێت لە نێوان حکومەت و خووگرتووەکان، چونکە زۆربەیان پەشیمانن، بەڵام لە ترسـی پولیس ناهێن خۆیان بدەن بەدەستەوە بکەن.

2- دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان

لێرە هەوڵ دەدەین، لێکۆڵینەوە لە بارەکان شی بکەینـەوە، واتـە هـەوڵ دەدەیـن هۆکارەکـانی تـووش بوونیـان دەسـت نیـشان بکـەین، دواتـر پێـشنیارەکان و راسپاردەکانی خۆمان وەکو چارەسەری ئەم کێشەیە دەخەینە روو:

1- دەرەنجامەکان

- هۆی سەرەکی تووش بوونی ئەم گەنجانە بـۆ نیـشتەجێبوونیان لـە ((ئێـران)) دەگەڕێتەوە، بە حوکمی ئەوەی ئاوارەی ئێران بـوون. ئێـرانیش - هـەر وەك دەزانین - وڵاتێکە کە ڕێژەی خووگرتووەکـان لـە هـەموو شـارەکانی دا بـە تایبەتی شارەگەورەکانی وەکو: تاران، اصفهان، شێراز، ورمێ (ارومیە) و... (کە زۆربەی ئەم گەنجانە لەم شارانە دا نیشتەجێ بوون) زۆرە و هـەموو جـۆر مەوادی مادده هۆشبەرەکانیش لە ئێران بە دەست دەکەوێ.

- ئەمانە کە لە ئێران تووش بوون، زۆربەیان ئەو کەسانەن کە لە گەڕانـەوە بـۆ کوردستان دواکەوتن (واتـە لـە دوای سـاڵی 2000وە گەڕاونەتـەوە)، کەچـی

ئەوانەی کە زووتر هاتوونەوە، وەکو ئەوان تووش نەبوونە. چونکە پێشتر لە هەموو شارێك کە ئاوارەکانی کورد تێدا نیشتەجێبوون، بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگایەکی خۆجێی (Community) یان پێك دەهێنا، پەیوەندی دەروونی - کۆمەڵایەتی نێویان دا زۆر پتەو و بەهێز بوو، ئینتیمایان بۆ یەکتر زۆر بوو، خۆیان بە نسبەت ئێرانییەکان بە بێگانە دەزانی و...، بەڵام وردە وردە لەگەڵ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کورد ڕێژەی ئەوانەی کە نەهاتنەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبوو، بۆیەش ئەو کۆمەڵگا خۆجێیەکان هەڵوەشا و وەکو پێشتر نەما و هەر یەك لە گەڕەکێك بڵاوبوونەوە و پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ یەکتر ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوو، زیاتر لەگەڵ ئێرانییەکان تێکەڵ بوون و برادەرەکانی ئێرانی بوونە جێگرەوەی خزم و برادەری کورد. ئەوەش بوە هۆی وەرگرتنی دابونەریت و فەرهەنگی ئێرانیەکان و لە کۆتایی دا تووشی ماددە هۆشبەرەکانیش بوون. ئێستاش کە ئەم خووگرتووانە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان هەست بە نامۆ بوونی خۆیان دەکەن! تەنانەت کاتێ چاوپێکەوتنمان لەگەڵیان، وەکو ئێرانیەکان دەهاتنە پێش چاومان و خووگرتووەکانی ئێرانیمان بە بیر دەهاتەوە! قسەکان و هەڵسوکەوت و تەبریراتی ئێرانییانەیان هەبوو!!

- هەموویان پیاو بوون و گەنجیش بوون. گەورەترینیان (34) ساڵ و بچووکترینیان (23) ساڵ بوو.

- بۆمان دەرکەوت زۆربەی ئەوانە خووگرتوون، لە هەر دوو قەزای ((دیانا)) و ((بنەسلاوە)) نیشتەجێن کە زۆربەی کوردە ئاوارەکانی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە، لەو دوو قەزایە دادەنیشن.

- هۆی تووش بوونی هەموویان دەگەڕاوە بۆ ((بوونی برادەری خووگرتوو)) و هاتووچۆکردن لەگەڵیان. هەندێکیشیان جگە لەوە باس لە ((ئارەزووی سێکسی)) (Sexual) و ((ئارەزووی زانین و فزولییەت)) (Curiosity)یان دەکرد.

- له وەڵامەکانیاندا بۆمان دەرکەوت کە خێزانی ئەوان، خێزانێکی شپرزەن و هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن. چونکە دایك و باوکیان بە هۆی چاودێری نەکردنی پێویست و شێوازی گونجاوی پەروەردەکردن، هەر یەك لەو گەنجانە وازیان لە قوتابخانە هێناوە و هیچ کام لەوان لە ئاستێکی بەرزی خوێندەواریدا نەبوون. بەرزترینیان قۆناغی ((ناوەندی)) تەواو کردبوو! کەواتە ئاستی لاوازی روشنبیری و فەرهەنگیش کاریگەری هەیە.

- هەموویان لە بواری ئابووریدا بێئاگا بوون بە تایبەتی لە داهات و خەرجی خۆیان کە بەشێکی زۆری داهاتیان بۆ کڕینی ئەو مەوادانە تەرخان کردووە.. هەروەها لە رووی ئابوورییەوە، دەکرێ بڵێین لە ئاستی ناوەند یا خود نزیك لە ناوەند بوون، چونکە زۆربەیان هێشتا کرێ چین و داهاتی ئەوتۆشیان نەبوو.

- زۆربەیان زەمینەی ماددە هۆشبەرەکانیان هەبوو، بە حوکمی ئەوەی کە ((جگەرەکێش)) بوون. پێمان وایە ((جگەرە)) - کە خۆی جۆرێکە لە ماددە هۆشبەرەکانی مۆڵەت پێدراو - هەنگاوی یەکەمی ماددە هۆشبەرەکانی ترە، وەکو تریاك و هرۆئین و خورادنەوە رۆحییەکان!

- هۆیەکی تر بریتییە لە ((نەبوونی هوشیاری)) پێویست لە سەر ماددە هۆشبەرەکان. زۆربەیان دەیانگووت کە ئاگاداری ئاسەوار و دەرەنجامە نێگەتیڤییەکانی ماددە هۆشبەرەکان نەبووین!

- پێمان وایە ئەوانەی کە لایەنی ئایینی و مەعنەوی و رۆحییان (Spiritual) لاوازە، کەمتر خۆڕادەگرن بەرامبەر کێشەکانی ژیان و زیاتر پەنا دەبەنە بەر ماددیات و ئامرازی ماددی کە یەکێك لەوان ((ماددە هۆشبەرەکان))ە. بۆیەش دەبینین کە زۆربەیان تەنانەت خێزانەکانیان (ئەو شوێنەی کە تێدا پەروەردە کراون) لە رووی ئایینییەوە لاواز بوون و پابەندی و ئایینیان کەم بوو.

- نەبوونی ((هوشیاری ئایینی)) کە ئەم ئەرکە زیاتر لە سەر ئەستۆی مامۆستایانی ئایینیە، بۆ بڵاو کردنەوەی هوشیاری ئایینی. چونکە ئایینی

ئیسلام ڕێگره و دژی هەموو جۆر ماددە هۆشبەرەکانێکە و بە زیانی تـاك و کۆمەڵگا دەزانێ. هەر وەك دەبینین هیچ یەك لەو گەنجانـە نەیانـدەزانی کـە ئاین، ماددە هۆشبەرەکان بە حرام دەزانێ.

- زۆربەیان دانیان بەوە دادەنا کە پەیوەندییـان لەگەڵ خێزانەکانیان باش نـەبوو، بە تایبەتی ئەوانەی کە خێزاندار بـوون، تەنانـەت نموونـەی واش هـەبوو کـە هاوسەرەکەیان لە خەفەتی ئەوان هەوڵی خۆکوژییان داوە!

- هەموویان دەیانزانی کە مـاددە هۆشبەرەکان شتێکی نایاسـاییە و ئەگـەر ئاشکرا ببن دەگیرێن، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەر بەکاریان دەهێنـا! کەواتـە ئەوانەی کە تاکی خووگرتوو بە نەخۆش لەقەڵـەم دەدەن، نـەك ((تاوانبـار))، پێمان وایە بۆچوونیان دروست نیە و لـە وەڵامـی ئـەوان دا دەڵـێین: ((تـاکی خووگرتوو، تاوانبارێکی نەخۆشە))!!.

- زۆربەی ئەوان کاتی دەست بەتاڵی خۆیـان زیـاتر بـە دیتنـی سـەتەلایت پـڕ دەکردەوە لە جیاتی وەرزش کردن یان خوێندنەوە یا کارێکی تری پۆزەتیڤی!

- هەموویان لە ڕووی جەستەیی و ڕواڵەتەوە بە تاکێکی ئاسایی نەدەچوون، بـە شێوەیەك هەندێکیان ئەوەندە بێهێز ببون کە دەست و باڵیان بگرن تا بتوانن بەرێوە بچن!

- لە ڕووی دەروونییەوە هەموویان تووشی خەمۆکی، دڵەڕاوکێ و سـایکۆپاتیـك و پەستبوون و خۆ بە کەم زانین ببوون.

- هەندێکیان بە گریان وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە، کـە نیـشانەی لاوازی ئیرادە و بێئومێدی و پەشێمانی لەرادەبەرە!

- پێشنیارەکانیان زیاتر ئەوە بوو کە: خەڵك ئاگاداری خـۆی و منداڵـەکانیان بـن. حکومەت سەختگیری لەبەرامبەر ئەوان بەکار ببات و پشتگوێیان نەکات و...!

2- پێشنیارەکان (چارەسەری)

پێمان وایە کوردستان جگە لە مەترسی ((تیرۆر))، ئێستا ماددە هۆشبەرەکانیش هەڕەشەی لێ دەکات و پێویستە هاوکات لەگەڵ بەرەنگاریکردنی تیرۆر، لە هەموو ڕێگایەکەوە بەرەنگاری دیاردەی ((ماددە هۆشبەرەکانیش)) بکرێ.

لەگەڵ ئەوەی لە زۆر لە وڵاتاندا بەرەنگاری کردنی بەردەوام دژی ماددە هۆشبەرەکان هەبووە، بەڵام ئەنجامێکی باشی و یەکلاکەرەوەیان بەدەست نەهێناوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی خووگرتووەکان بەتایبەتی لە نێو گەنجەکاندا زیاتر دەبێت! هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بەرنامەکانی بەرەنگاریکردنی ماددە هۆشبەرەکان، دەتوانین بەم جۆرە بژمێرین:

یەکەم: شێوازی بەرەنگاربوونەوەیان دروست نەبووە، بە تایبەتی لە ناو زیندانەکاندا.

دووەم: شێوازی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بە شێوەك بووە کە زەمینەی تووش بوونی دووبارەیان ڕەخساندووە[85]. واتە لە دوای دەرچوون لە زیندان و شوێنە چاکسازییەکان دیسان دەگەڕێنەوە بۆ لای ماددە هۆشبەرەکان و برادەرەکانی پێشوویان!

بەرنامەی بەرەنگاربوونەوە نابێت تەنیا بە دووبارە توانا بەخشینەوە بە خووگرتووەکان ببەسترێتەوە. توانا بەخشینەوە بەشێکە لە بەرنامەکە. بەرەنگاربوونەوەی هەمەلایەنەی کەسایەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێویستە تاکو ماددە هۆشبەرەکان و خووپێوەگرتن بنبڕ بکرێت.. تا ئەو کاتە کە زەمینەی کۆمەڵایەتی خووپێوەگرتن لە ناو نەچێت و کەسەکان لەلایەنی کەسایەتی نەگەنە سەربەخۆیی و دووبارە دۆزینەوەی بەهاخودییەکان، خووپێوەگرتن بنبڕ نابێت. (واتە بنبڕ کردنی وابەستەیی دەروونی بە ماددە هۆشبەرەکان).

---

85. أحمدي، سەرچاوە پێشوو، ل204 تا 206.

ئامــانجی ســەرەکی بەرنامــەی بــەرەنگاری کــردن لەگــەڵ خوویێــوەگرتن دەبــێ خۆپاراستن و بەرەنگارکردنی ئەوانە بێت کە دەکەونــە داوی مــادە هۆشــبەرەکان. ئەم بەرەنگاربوونەوەش کاتێك سەردەکەوێت کە:

1- جەخت لە سەر ((خۆپاراستن)) (الوقاية/ Prevention) بکات.
2- زەمینەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ خوویێوەگرتن لە ناو ببات.
3- پەیوەندی خێزانی دروست بکرێتەوە.
4- بەرنامەی بۆ دووبارە توانا بەخشینەوە و چارەســەری کردنــی خووگرتووەکــان هەبێت.

لێرە باس لە هەندێ هەنگاوی پێویست لە پێناو خۆپاراستن لـە دیـاردەی مادده هۆشبەرەکان و خووپێوەگرتن دەکەین:

- بۆ ئەم مەبەستە دەبێ کار بۆ روون کردنەوەی بــیری خــەڵك و دروســت کردنــی ((هوشیاری)) پێویست و گونجــاو بــۆ خــەڵك بکرێــت و مەترســییەکانی مــادە هۆشبەرەکان دەستنیشان بکرێن.. لێرە ئەرکی دەسەڵات، سیستەمی فێرکردن، ئامرازی راگەیاندن، مامۆستایانی ئایــنی و دایــك و باوکــان و... هــەموویان دیار دەبێت.
- رێگە لە دابەشکردن و بڵاوکردنــەوەی مــادە هۆشــبەرەکان بگیرێــت. بــۆ ئــەم مەبەســتەش یاســا و لایەنەپەیوەندارەکان دەوری سەرەکی دەبێ ببینن.
- هەنگاو بۆ دابین کردنی پیشە و داهات و لاوان بنرێــت. زەمینــە بــۆ تەندروســتی دەروونی لاوان دروست بکرێت، لە رێگای کردنەوەی وەرزشگای زیاتر و پەرەپێدانی روحی وەرزش و بەرنامەی بەشی راگەیاندن بە تایبەت لە بواری ئەخلاقی و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، تا بگەنە رادەیەك کە توانای پێــشبینی داهاتوویــان هــەبێت و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەلگا و بنەماڵە دروست بکرێتەوە.

- بوونی یاسایەکی توندی تایبەت بە دژە ماددە هۆشبەرەکان کە ڕێگر بێت لە گواستنەوە و مامەڵەکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. کە ئەمەش ئەرکی دەزگا پەیوەندارەکانە بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان.

- دروستکردنی بزووتنەوەیەکی گشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە ماڵ وێرانکەرە. دەبێ ئەمە ئەرکی هەموو کەس بێت و بە ئەرکێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و ئایینی و ڕیکلامی بێتە ژمار. هەروەکو پێشتر باسمان کرد خووپێوەگرتن تاوان و نەخۆشییەکی درمە (واتە دەگوازرێتەوە و بە ماوەیەکی کەم، ژمارەیەکی زۆر تووش دەکات)، لە وڵاتێك وەکو وڵاتی ئێمە کە مادە هۆشبەرەکان بە ئاسانی بە دەست دێت بە حوکمی ئەوەی دراوسێ ئێرانین، کاتێك دەتوانین بەرگری لە بڵاوبوونەوەی بکەین کە بزووتنەوەیەکی گشتی بۆ بکرێت.

- هاوکات لەگەڵ بەرەنگاربونەوەی هەمەلایەنە و گشتی، پێویستە کە ((فەرهەنگی خووپێوەگرتن)) لە ناو بچێت و بوار نەدرێت ئەم جۆرە کوولتورە دروست ببێت و بڵاو ببێتەوە. مەبەستمان لە فەرهەنگ و کولتوری خووپێوەگرتن بریتییە لە: ریکلامی ناراست لە ڕێگەی برادەران و خووگرتووەکان لە بارەی باش بوونی هەندێك لە مادە هۆشبەرەکانە. کەچی خووپێوەگرتن بەڵایەکی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر مادە هۆشبەرەکان بە دەست کەسەکان نەگات، یان کولتووری خووپێوەگرتن لە رێی برادەری خووگرتوو بۆیان نەگوازرێتەوە، ئەو کەسانە ناکەونە داوی ماددە هۆشبەرەکان.

- هەروەها نابێ لە بۆشایی مەعنەوی و هەست بە بێ مانایی بێ ئاگا بین. ئەگەر کۆمەڵگا بە دوای ئامانجێکی روون نەبێت و تاکە کەس بەرەو ئایدیاڵی مرۆڤی و پێشکەوتوویی نەبات، ئەوان هەست بە پوچی دەکەن و پەنا بۆ جیهانی خەیاڵ و ماخولیای مادە هۆشبەرەکان دەبەن.

- راستە کە سیاسەتی داگیرکەران لە نێو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەروەها وولاتانی دژ بە نەتەوەکەمان لەگەڵ جۆرێك داگیرکەری هزری و پاشکۆیی هاورێیە و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و تووشکردنی کەسەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە

مادده هۆشبەرەكان هەنگاوێكە بۆ پاشكۆكردنی هزری و شكاندنی ئەوانە، بەڵام تا چ رادەیەك ئێمە دژە ژەهرمان بۆ ئەو ژەهرەی ئەوان دۆزیوەتەوە؟

- بارودۆخی ئاڵۆز و تێكەڵ و پێكەڵی كۆمەڵایەتی و ئابووری و نەبونی پێوەری دیار و نەبوونی رێ و شوێن و ئامانجێكی روون لە ژیانـدا كـە خەریكـە ژیـانی ئێمەی بگرێتەوە (واتە: Social anomy)، هۆكاری گەلێكی باشن بـۆ ئـەوەی گەنجەكانمان بەرەو مادده هۆشبەرەكان بڕۆن. ئەگەر كۆمەڵگا لاوان وەكو خۆیان رەها بكات و رێ و شوێنێكی دروستیان بۆ ئامادە نەكات و بەرنامەی شیاوی بۆ كاتی بێ كاری و دەسـت بـەتاڵی ئـەوان پێـشبینی نـەكات و لـە تـەواوی قۆناغەكانی گەشەكردنیاندا، رێنـوێنی و رێگاپێـشاندەری ئـەوان نـەبێت، بـە كردەوە زەمینەیان بۆ تووشبوونیان رەخساندووە. ئـەركی كۆمەڵگایـە هـەموو لایەنێك رەچاو بكات و لە ئەركی گەورەی خۆی بێ ئاگا نەبێت و بشزانێت كـە چ بە لاوان دەدات و چاوەڕوانی چی لێیان هەیە. بـە بـێ پلانێكـی دروسـت و گونجاو، نابێ چاوەڕوانی پێشكەوتن و پێگەیشتن لە لاوان بكرێت!

- ((خێزان)) گـرنگترین سەرچـاوە و سـەرپەنایە بـۆ لاوان. ئـەو خێزانانـەی كـە شپرزەن، منداڵەكانیان لە خۆ دوور دەكەنەوە كاتێك كـە دایـك و بـاوك جێـی پشت بەستن و متمانەی منداڵەكانیان نەبن، ئەوان یان روو لە برادەر دەكەن یان دوور دەكەونەوە، لە هەردوو شێوەدا لەوانەیە بكەونە داوی مادده هۆشبەرەكان و تاوانەكانی تر. هەندێك لە بنەماڵەكان ئەوەندە سەرقاڵی كێـشەی مـاددی و خۆدی خۆیانن كە پەیوەندیان لەگـەڵ منداڵـەكانیان دەگاتـە نـزمترین ئاسـتی خۆی. ئەندامەكانی خێزان هەست بە دابڕان لە بنەماڵە دەكەن، وەكو ئەوە وایە كە كەسانێكی بێگانەن كە لەناو یەك ماڵدا دەژین. لە ژیانی خووگرتووەكانـدا ئەو جۆرە پەیوەندییە نێگەتیڤییە زۆر دەبینین. كەواتە بۆ ئـەوەی منـداڵان لـە داوی مادده هۆشبەرەكان و تاوانەكانی تر نەكەون، دەبێ پەیوەندییەكان لە ناو خێزان كراوە و پـۆزەتیڤی بـن. بنەماڵـە زۆرتـرین ئـەركی لەدروسـت كردنـی كەسایەتییەكی سەربەخۆیی ئەندامەكانی خۆی هەیـە و دەتوانێـت رۆڵێكـی

گرنگی لە پێکەوە گونجانی دروستی منداڵاندا هەبێت، هەڵبەت ئەوە ئەرکێکی سادە نییە. بە وتەی ((ساتیر)) (Satir): ((دایکان و باوکان لە دژوارترین و پڕکێشەترین قوتابخانەی دونیا بۆ دروست کردنی مرۆڤ خەریکی وانەگوتنەوەن... قوتابخانەیەك کە بەڕێوەبەر، مامۆستا و خزمەتگوزارەکەی هەر خۆیانن و پشوودان و بەرزبوونەوەی مووچەیان نییە... قوتابخانەیەکی کە 24 کاتژمێر و 365 ڕۆژ، کە لایەنی کەم 18 ساڵ لە خزمەتی هەر منداڵێك دان... سەرەڕای ئەوە قوتابخانەیەك کە دوو بەڕێوەبەری هەبێت، دەزانین کە چ کێشەیەك دروست دەکات، ئەو ئەرکە، دژوارترین و ئاڵۆزترین پڕ دڵەڕاوکێترین و پڕ زەحمەت ترین کارە و پێویستی بە بەرزترین ئاستی توانا، لێبوردن، خۆش خولقی، کارزانی خۆشەویستی، ئاگاداری و زانست هەیە و...)) ساتیر، وتەکەی درێژە دەدات و دەڵێت: ((ئەگەر بینینتان کە کێشەیەك لە ناو خێزانتان دا هەیە، ئەوە بکەن کە کاتێك گلۆپی سووری سیارەکەتان بە نیشانەی گەرم بوون (هەستانی حەماوە!) پێدەبێت و ئێوە لێی دەکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی بزانن چی دەتوانن لەگەڵی بکەن و ئەگەر خۆتان نەتوانن چاکی بکەنەوە لە کەسێکی باوەڕپێکراو یارمەتی دەخوازن، هەر بەو شێوەیە خۆتان تێك مەدەن و فێر بن چ بکەن تا پەیوەندییە بنەماڵەییەکانتان باشتر بێت))[86].

- بەرەنگارکردنی خووپێوەگرتن کاتێك تەواو دەبێت کە پلان بۆ وازهێنان و دووبارە توانا بەخشین بە خووگرتووەکان هەبێت. ئەوەش بە خێرایی نابێت بەڵکو چەند قۆناغێك لە خۆ دەگرێت. پلانەکە نابێت لە سێ چوار حەفتە ئەنجام ببێت و ئەگەر کتو پڕ نەبێت و خووگرتووەکە بۆ ژیانی ئاسایی و دروست کردنەوەی کەسایەتی نەباتن، ئەگەری گەڕانەوەی بۆ خووپێوەگرتن زۆرە[87].

86. ساتیر (ارنست): آدم سازی، ترجمەی بیرشك ـ نشر ماهلن، تهران1377، ل243 تا 251.

87 . لێرە مەجالی باسکردن لەو قۆناغانە نابینین، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: فرجاد، سەرچاوەی پێشوو، ل164 تا 166.

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە عەربییەکان:

1. أبو الروس (أحمد): مشكلة المخدرات و الادمان ـ المكتب الجامعي الحديث، الاسكندريه 2003، الطبعة الاولى.

2. ابن تيمية: الفتاوى الكبرى، دار الكتب الحديثة، الجزء الرابع، بدون تاريخ.

3. ابن رشد القرطبي: بداية المجتهد و نهاية المقتصد،، مطبعة صبيح، الجزء الاول بدون تاريخ.

4. ابن ماجه: سنن، تحقيق محمد فؤاد عبدالباقي، دار احياء الكتب العربية (1373 هـ) الجزء الثاني.

5. امام شافعي، كتاب الام، المطبعة الاميرية (1321 هـ)، الجزء الثاني.

6. امام مسلم: صحيح، مطبوعات صبيح، الجزء السادس، بدون تاريخ.

7. الحطاب: شرح الحطاب على مختصر خليل، الجزء الثاني، بدون تاريخ.

8. الدردير: حاشية الدسوقي علي الشرح الكبير، الجزء الرابع، بدون تاريخ.

9. الرازي: تفسير الرازي، المطبعة العادية (1308)، الجزء الثاني.

10. الرفاعي (د. أحمد حسين): مناهج البحث العلمي - دار وائل، عمان1999، الطبعة الاولى.

11. الزرقاني: شرح موطأ امام مالك، الجزء الرابع، بدون تاريخ.

12. شعبان (د. صباح كرم): جرائم المخدرات - المنصور، بغداد1984، الطبعة الاولى.

13. عياد (سمير): المخدرات سلاح الاستعمار و الرجعية - دارالكتب العربي للطباعة و النشر1967، الطبعة الاولى.

14. العيسوي (د. عبدالرحمن محمد): المخدرات و أخطارها - دارالفكر الجامعي، الاسكندرية 2005، الطبعة الاولى.

15. القرغولي (ثامر عبدالهادي): المخدرات - بغداد (بدون تاريخ).

16. المغربي (د. سعد): ظاهرة تعاطي الحشيش - دار الراتب الجامعية، بيروت1984، الطبعة الثانية.

17. ناصف (شيخ علي منصور): التاج للأصول في أحاديث الرسول، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، بدون تاريخ.

دووەم: سەرچاوە فارسییەکان

1. آبادینسکی (هووارد): جامعه شناسی مواد مخدر، ترجمەی محمد علی زکریایی - ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1382، چاپ اول.

2. أحمدی (د. سید أحمد): روانشناسی نوجوانان و جوانان - انتشارات مشعل، اصفهان 1383، چاپ یازدهم.

3. أردوبای (علی): اعتیاد بلای قرن بیستم - نشر گنجینه، تهران 1378، چاپ اول.

4. أردوبای (علی): جوانان و مواد توهم زا - آوای نور، تهران 1382، چاپ دوم.

5. أردوبای (علی): گسترش جهانی اعتیاد - انتشارات کیهان، تهران1379، چاپ اول.

6. برومند (د. شهزاد): بررسی اقتصادی رفتار مصرف کنندگان مواد مخدر- ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1383، چاپ اول.

7. بوسار(آندره): بزهکاری بین المللی، ترجمەی نگار رخشانی - انتشارات کتابخانەی گنج دانش، تهران1375، چاپ اول.

8. دانش (تاج زمان): مجرم کیست، جرم شناسی چیست؟- انتشارات کیهان، تهران1384، چاپ دهم.

9. دی واس (دی. ای): پیمایش در تحقیقات اجتماعی، ترجمه‌ی هوشنگ نایبی - نشرنی، تهران 1383، چاپ پنجم.

10. ساتیر (ارنست): آدم سازی، ترجمه‌ی بیرشک ـ نشر ماهان، تهران1377، چاپ اول.

11. ساعی (بهروز): بررسی علل گرایش معتادان به مواد مخدر، پایان نامه‌ی کارشناسی أرشد، دانشکده‌ی علوم اجتماعی و تعاون، تهران1370، چاپ اول.

12. ستوده (د. هدایت الله): آسیب شناسی اجتماعی - انتشارات آوای نور، تهران1384، چاپ یازدهم.

13. سرمد (د. زهره) و نعوانی تر: روشهای تحقیق در علوم رفتاری - نشر آگه، تهران1383، چاپ نهم.

14. شفرز (برنهارد): مبانی جامعه شناسی جوانان، ترجمه‌ی کرامت الله راسخ - نشر نی، تهران 1383، چاپ دوم.

15. صفری (فاطمه): اعتیاد و زنان، تفاوتهای جنسیتی در زمینه‌ی سوء مصرف مواد و درمان آن - ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران1381، چاپ اول.

16. عظیمی (د.محمد): مباحث اساسی روانشناسی - انتشارات کیهان، تهران 1380، چاپ اول.

17. فدایی (فرید) و سجادیه (د. سید محمد علی): شناخت و پیشگیری و درمان اعتیاد - نشر تاپاز، تهران 1365، چاپ اول.

18. فرانکفورد (چاوا) و نچمیاس (دیوید): روشهای پژوهش در علوم اجتماعی، ترجمه‌ی د.فاضل لاریجانی و نعوانی تر، انتشارات سروش، تهران 1381، چاپ اول.

19. فرجاد (د. محمد حسین): آسیب شناسی کجرویهای اجتماعی - انتشارات قوه‌ی قضائیه، تهران1383، چاپ نهم.

20. کریم پور (صادق): روانشناسی اعتیاد - نشر اندیشه، تهران 1365، چاپ اول.

21. گورین (کوزه): تشخیص بیماریهای روانی، ترجمەی پورأفکاری - انتشارات گنجینه، تهران 1379، چاپ اول.

22. هاشمی (د. علی): مواد مخدر: بحران اجتماعی و تهدید علیه امنیت ملی - ستاد مبارزه با مواد مخدر، تهران 1382، چاپ اول.

سێیەم: مقالاتی ئینتەرنێتی

1. آزمون (علي): سبب شناسي اعتياد –مجله ی اجتماع درمان مدار، سال دوم، شماره ی 3، بهار 1384. له سایتی: http//www.google

2. تقی زاده (داریوش): اعتیاد، علل، پیشگیری و درمان - مجلەی اجتماع درمان مدار، سال دوم، شماره 3، بهار1384. له سایتی: http/www.google

3. حسینی زاهدی (سید ولی): مقالەی ((اعتیاد و جوانان)) - سایتی: ((اطلاع رسانی نیروی انتظامی جمهوری اسلامی ایران)): http://www.police.ir/druqs/avarez.htm

4. مولوی (فاطمه): نگاهی به آسیب شناسی اعتیاد –سایتی ئینترنێتی: http:// www.dchq.ir

5. نارنجی ها (د. هومن): علل گرایش به سوء مصرف مواد مخدر- سایتی ئینترنێتی:

http:// www.dchq.ir

6. یزدانی (د. غلامرضا): ((اعتیاد چیست؟)) –سایتی: ((اطلاع رسانی نیروی انتظامی جمهوری اسلامی ایران)): http://www.police.ir/druqs/avarez.htm

پاشکۆ

نموونەیەك لە پرسیارەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ خووگرتووەکانی گیراو لە ((ئاسایشی گشتی هەولێر)):

1. تەمەن: (   ) ساڵ
2. باری کۆمەڵایەتی: (   )
3. شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو:
4. شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:
5. جۆری نیشتەجێبوون (کرێ یان موڵك):
6. ئاستی خوێندەواری:
7. جۆری پیشە پێش هاتن بۆ زیندان: (   ).
8. داهاتی مانگانە بە دینار: (   ) دینار.
9. یەکەم جار لە کوێ بە کارت هێنا.
10. لە چ تەمەنێك دا بوویت؟ (   ) ساڵ
11. چەند برادەرت هەیە کە ماددە هۆشبەرەکانیان بەکار دەهێنا؟ (   ) برادەر
12. چون فێر بوویت؟
13. یەکەم جار بە چ مەبەستێك بە کارت هێنا؟
14. پێش لە ماددە هۆشبەرەکان جگەرەت بە کار دەهێنا؟

15. ئەگەر بەڵێ ڕۆژانە چەند دانە؟(   ) دانە

16. چ موادديك زياتر به كار دەهێنی؟

17. چۆن به كار دەهێنی؟ واته ئامرازی به كارهێنانت چییه؟

18. ئەو موادده‌ی كه به كار دەهێنی، مانگانه چەند پارەت پێدەدا؟

19. ئایا دەتزانی كه بەكارهێنانی ئەم جۆره مواددە دەبێته هۆی ئیدمان بوونت؟

20. ئایا هیچ ئاگاداری ئاسەوار و دەرەنجامەكانی ماددە هۆشبەرەكان بوویت؟

21. پەیوەندی كۆمەڵایەتی له ناو خێزاندا به چ شێوەیەكه؟

22. ئەگەر خراپه لەگەڵ چ كەسێك زیاتر؟

23. خێزانت تا چەند پابەندن به ئایین؟

24. تا چەند ئاگاداری كه ئایین ڕێگره له بەردەم بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان؟

25. باوەڕت هەیە كە ماددە هۆشبەرەكان شتێكی نا قانونی و زیانمەندە؟

26. فەراغی خۆت چون پڕ دەكەیتەوە؟

27. ئایا پەشیمانیت لەو كارە؟

28. به ڕای تۆ چی بكرێ باشه بۆ ئەوەی كەسانی تر وەكو ئێوە تووش نەبن؟